# چەردەیەك لەمێژووی شانۆگەری كۆمیدی لەشاری سلێمانیدا
## ( ئافرەت و نوشتە ) وەك نموونە

د.عەتا ڕەشید حسێن
بەشی كوردیی ئێواران/ سكوڵی زمان/ زانكۆی سلێمانی

**پێشەكی:**

لەڕاستیدا، هونەری شانۆگەری هەرلەسەرەتای سەرهەڵدانییەوە بەهەردوو جۆرە سەرەكییەكەیەوە ( تراجیدیا ) و( كۆمیدیا )، تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ لەناو زۆربەی گەلانی جیهاندا بۆتە هەوێن وهۆكاری بەرەو پێشبردنی ئاستی ڕۆشنبیریی و شارستانیەتی گەلان لەهەمان كاتیشدا ، بۆتە پێویستییەكی هەنووكەیی ژیان وئاوێنە و ناسنامەی هەموو نەتەوەیەك بەنەتەوەكانی تری جیهان .

بێگومان، هەریەكێكیش لەوجۆرانەی شانۆگەری تایبە تمەندی و كاریگەری خۆیان هەیە لەسەر هەر یەكە لەبینەران و تێڕوانینی نووسەران و ڕەخنەگراندا ، هەربۆیە دەبینین بەدرێژایی مێژوو كەم ،تا زۆر جۆرەكانی شانۆگەری لەلایەن پسپۆڕان وڕەخنەگرانەوە خراونەتە بەرباس و قسەیان لەسەركراوە ڕەنگە ئەو باسكردنەش لای نووسەران و ڕەخنەگرانی بواری شانۆی كوردیدا بەرچاو بكەوێت ، بەڵام وەك پێویست نییە، بەتایبەتیش شانۆگەری كۆمیدی٠كە هونەرێكی سەردەمیانەیە وجۆرێك لەخۆشەویستی لای بینەران وعاشقانی شانۆدروستكردووە، چونكە لەلایەك ڕۆڵی هەیە لەسەر كەمكردنەوەی خەم وئازارەكانی بینەران ، ئەوەش بەوەی جۆرێك لە ئومێد و خۆشبەختی و پێكەنینیان پێ دەبەخشێت، لەلایەكی تریشەوە ڕەخنە لەدیاردە ناقۆلا وگەندەڵییەكانی ژیان دەگرێت لەڕووی كۆمەڵایەتی وسیاسی وئابووری وئایینی و٠٠٠تد٠ هەربۆیە ، ئێمەش بە پێویستمانزانی ئاوڕێك لە جۆری شانۆگەری كۆمیدی كوردی بدەینەوە و ڕۆڵ و گرنگییەكەی لەبواری مێژووی شانۆگەری كوردیدا بخەینە ڕوو ، بەتایبەتیش لەشاری سلێمانیدا، كە تاڕادەیەكی بەرچاو ڕۆڵی بینیوە لەكەمكردنەوەی خەم وئازارەكانی بینەرانی كورددا و توانیویەتی لەژێر پەردەی پێكەنیندا جۆرێك لەڕەخنە لەهەندێك لە لایەن ودیاردە دزێوەكانی ژیانی میللەتی كورد بگرێت لەڕووی سیاسیی و كۆمەڵایەتی وئایینیەوە ولەبەرانبەریشدا بزە و پێكەنین بخاتە سەرلێوی بینەرەكانی.

**بواری لێکۆڵینەوەکە :**

ئەم لێکۆڵینەوەیە، هەوڵدەدات زانستیانە باس لەڕۆڵ وگرنگی شانۆگەری کۆمیدی کوردی بکات، بەتایبەتی لەشاری سلێمانیدا هەرلە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە ، تا سەرەتای ساڵی ١٩٧٠.

**هۆی هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە :**

هۆی هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە ، دەگەڕێتەوە بۆبایەخ و پێگەی هونەری شانۆگەری کۆمیدی لەشاری سلێمانیدا٠ لەلایەکی تریشەوە بۆکەمی و نەبوونی بابەتەکە ، کە وەك پێویست ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە و قسەی لەسەر نەکراوە ، بۆیە ئێمەش بە پێویستمانزانی بەشێوەیەکی زانستیانە ئاوڕ لەوبابەتە بدەینەوە، بەڵکو بەهۆیەوە بتوانین خزمەتێکی زیاتر بە هونەری شانۆی کوردی بکەین.

**ئامانجی لێکۆڵینەوەکە :**

زیاتر خەمخۆریمان بوو بۆ خزمەتکردنی هونەری شانۆی کوردی بەتایبەتیش لە بواری شانۆگەری کۆمیدیدا٠ هەروەها خستنەڕووی ئەو گرنگی وبایەخەی ، کە هەیەتی لەژیانی مرۆڤدا وپێدانی جۆرە بەرچاوڕوونییەکی زیاتر بەبینەران ، کە لەو ڕاستییە تێبگەن شانۆگەری کۆمیدی هەربۆ پێکەنین نییە ، بەڵکو لەجەوهەردا ڕەخنەگرتنە لە دیاردەی دزێو و نەگونجاو لەسەرجەم کایەکانی ژیاندا٠

**ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە :**

بۆنووسینەوەی پرۆسەی لێکۆڵینەوەکە بە شێوەیەکی زانستیانە ، پەیڕەوی ڕێبازی شیکردنەوەی وەسفیمان کردووە .

**بونیادی لێکۆڵینەوەکە :**

بونیادی لێکۆڵینەوەکە ، خۆی لەدووتوێی پێشەکییەك و (٢) بەشی سەرەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکاندا دەبینێتەوە.

**بەشی یەكەم :**

**بایەخ و گرنگی هونەری شانۆ**

**لەڕاستیدا ، هونەری شانۆ یەكێكە لەوهونەرانەی ، كە خاوەن مێژوویەكی كۆنە و بەدرێژایی هەموو ئەو قۆناغە مێژووییانەی ، كە بڕیویەتی هەرلە كۆنەوە ، تا ئێستا توانیویەتی كاریگەرییەكی باشی هەبێت لەسەر ڕەوتی ژیان و مێژووی شارستانیەتی گەلاندا. واتە ئەم هونەرە(( هەرلەكۆنەوە، وەك هونەرێكی باڵای سەربەجەماوەر لەكارو كۆششدا بووە و لەزۆربەی وڵاتانی كۆن و نوێدا هاوبەشی كێشە و گیرگرفتە سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئابوورییەكانی نێو كۆمەڵگای كردووە.)) ﴿ ٨ ، ٢٠٠٧، ل١٢٩﴾ ئەوەش بەومەبەستەی، كە مینبەرێك بێت بۆخستنە ڕووی ڕاستییەكان وكەموكورتییەكانی ژیان، كە بتوانێت هەموو ڕەهەندەكانی ژیانی (( ڕابردوو و ئەمڕۆ و پاشەڕۆژ بەیەكەوە ببەستێت ، كە دەنگی قارەمانێتی گەل و نەمریی میللەتان دەربڕێت، كەدامەزراوێكی كۆمەڵایەتی مەزنە.))﴿٨ ، ٢٠٠٧، ل ١٢٨﴾**

**بێگومان، هەمووئەمانەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، كە شانۆ بابەتێكی جەماوەریی زیندووە وڕاستەوخۆ لەسەرتەختەی شانۆ نمایش دەكرێت.هەربۆیە بەهەڵدانەوەی لاپەڕەكانی مێژووی شانۆ هەر لەیۆنانییە كۆنەكانەوە، تا ئێستا ئەوەمان بۆدەردەكەوێت، كە بۆنە ئایینی و كۆمەڵایەتییەكان ڕۆڵی بەرچاویان بینیوە لەسەرهەڵدانیدا. لەورووەشەوە( محمد ادیب السلاوی ) دەڵێت:- (( شانۆگەری لەمیانی جەژن وبۆنە دیۆنیزییەكاندا سەری هەڵداوە، ئەوەش لەكاتێكدا كەگەلی یۆنان شیعر وسروودیان گوتووە و سەمایان بۆبەرزی و پیرۆزی خواوەند و پیاوانی دەوڵەت كردووە. ئەوشوێنەشی ، كە ئاهەنگ و بۆنەكەی تێدا گێڕدراوە ناویان ناوە( شانۆ ) و ئەوكەسانەشی، كە ئاهەنگەكانیان گێڕاوە پێیان وتراوە (كاهن ) ، پاشان پێیان وتراوە (ئەكتەر). )) ﴿٢٠ ، ١٩٨٣ ، ص ٣ – ٤﴾ ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت دەركەوتنی شانۆ بەوشێوە سەرەتاییە زیاتر پێداویستی ژیانی مرۆڤ دروستی كردووە و بەرێكەوت نەبووە، ئەوەش بەو مەبەستەی ، كە بتوانن(( خواردنێكیان دەست كەوێت)) ﴿ ٨ ، ٢٠٠٧، ل ١٢٧﴾ وبیكەنە بژێوی ژیانی ڕۆژانەیان**

**كەواتە سەرهەڵدانی شانۆ بەهۆی بژێوی ژیانەوە دروستبووە و سەرنجی مرۆڤەكانی ڕاكێشاوە.ئیدی بەوشێوەیە و لەگەڵ بەردەوامی ژیان و زۆربوونی خواستەكانی مرۆڤدا وردە وردە هونەری شانۆ بەرەو پێش چووە، تا وای لێهاتووە سەرنجی شانۆكاران و ڕەخنەگرانیش بەلای خۆیدا ڕابكێشێت.ئەوەتا( لۆركا ) شاعیرو نووسەری ئیسپانی بەئاشكرا دەڵێت:- (( شانۆبەلای منەوە ، یەكێكە لەبەهێزترین ئامرازەكانی دەربڕین و لەهەمووشیان لەبارترە بۆ ڕۆشنبیركردنی میللەت.)) ﴿٢٨ ، ١٩٨٢ ،ل ٢١﴾ ، نەك هەرئەوەندە، بەڵكو ئەمڕۆ شانۆ(( یەكێكە لەو چەكانەی ڕووبەڕووی ئیمپریالیزم و داگیركەر و كۆنە**

پەرستی بەکاردێت و لە پایە و مەقامێکدایە، کە ناوی نراوە (کۆی هونەرەکان) ) ) ﴿٨ ، ٢٠٠٧ ، ل١٢٨﴾ ئەوەش گەورەیی وشکۆی شانۆ دەردەخات، کە چالاکییەکی مەعریفییە و مرۆڤ ناتوانێت دەستبەرداری ببێت و تێیدا ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ژیان بەشێوەی ململانێی ڕاستەوخۆ و دیالۆگ دەخاتە ڕوو بەمەستی هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگا.

## جۆرەکانی شانۆگەری

### یەکەم : تراجیدیا

ئەم جۆرە شانۆگەرییە ، شێوەیەکە لەشێوەکانی کاری شانۆیی و ئامانجی کێشان و وێناکردنی بابەتێکی ناخۆش و مەرگەساتییە. واتە ئەوەی لەدووتوێی ئەم جۆرە شانۆگەرییەدایە، ئەوەیە ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ناخۆش و دڵتەزێنن و کۆتاییەکەشی بە مردن و لەناوچوون و غەمباری دێت. ئەویش زۆرجار بەمردنی کارەکتەری سەرەکییە ، نەك هەمووجارێك.

کەواتە، کەرەسە خاوەکانی ئەم جۆرە شانۆگەرییە بابەتی ناخۆش و دڵتەزینە، کە دەبنە تان و پۆی گشتی شانۆگەرییەکە، بەوەش کار لەسەر لاساییکردنەوەی ئەو واقیعە دەکات، کەدەبێتە هۆی وروژاندنی ترس و بەزەیی و لەوێشەوە جیاکردنەوەی چاکە و خراپە لەیەکتری، کە بەزەییمان بەوشتانەدا بێتەوە، کە هەڵگری لایەنی خێروچاکەن و شایستەی ئەو بەسەرهاتەی ژیان نین. لەلایەکی تریشەوە ، زیاتر وەسفی ئەو کەسایەتیانە دەکات، کە تووشی کێشە وگرفتی دژواربوونەتەوە و بەشێوەیەکی وا پیشان دەدرێت، کە لەجەوهەریدا هەڵگری گەشبینی و هیوایە لەژیاندا. هەربۆیە نووسەری ئەم جۆرە شانۆگەرییانە، بەشێوەیەکی گشتی خاوەنی بڕوایەکی تەواون بە توانا ولێهاتوویی مرۆڤ، کە دەتوانێت خۆی بەرەو پێشەوە بەرێت وبگاتە ئەپەڕی خاڵی تەواو و کامڵ بوون لەژیاندا. بەواتایەکی تر دەبینین(( لەم جۆرە شانۆگەرییەدا مرۆڤ لەنێوان بیرکردنەوە و ڕۆچوونی زۆر و سۆزدا، لەنێوان حیکمەت و تێڕوانیندا ، لەنێوان ترس و جوانیدا تاقی دەکرێتەوە.جگەلەوەش دەبێتە مایەی سەرسامی مرۆڤ لەکاتێکدا، کە تووشی کەوتن و داڕمان دەبێتەوە، هەربۆیە دەبێت مرۆڤ خاوەن کەسایەتییەکـــــی بەتوانا وبەنرخ بێت. واتە پاڵەوانی تراجیدیا دەبێت خاوەن کەسایەتییەکی سەربەخۆی فیکریی و ڕەوشتی بێت. لەهەمان کاتیشدا بەئارام وخۆڕاگربێت لەبەرانبەرهەموو کێشە و گرفتە کاندا . ) ) ﴿٢٤ ، ١٩٧٠ ، ١٩٠﴾ هەروەها وەك باسیش دەکرێت ، هەرلەسەرەتای سەر هەڵدا نییەوە(( شانۆی تراجیدی لە نمایشی دەستەی کۆرس لە مەراسیمی دیۆنوسیۆسەوە سەرچاوەی گرتووە، کە وشەی تراجیدی بەمانای (سرودی بزن ) سەری هەڵداوە، کە ئەکتەرەکانی ئەو مەراسیمە لەشێوەی بزندا دەردەکەوتن.) ) ﴿١٧ ، ٢٠١٠ ، ٢٤﴾ هەرلەوچوارچێوەیەدا و سەبارەت بە وشەی تراجیدیا( حەمە کەریم هەورامی ) دەڵێت:-

((زاراوەی تراجیدیا، وشەیەکی گریکی کۆنە و دوو وشەی لێکدراوە وهەریەکێکیان مانای تایبەتی خۆی هەیە•(ترا) واتە گۆرانی، (گیدی) ش واتە بزن• هەردوو وشەکە بەسەریەکەوە دەبێتە (گۆرانی بزن)، بۆیە ئەو ناوەشی بەسەردا برا، چونکە لەئاهەنگ گێرانی(دیۆنیسۆس) دا سروودبێژەکان کەوڵی بزنیان لەبەردەکرد ولەناو پەرستگای (دیۆنیسۆس) دا بەدەوری پەیکەرەکەیدا دەسەرانەوە و سروودیان دەوت)) (٣ ، ٢٠٠١ ، ٤٥) هەربەمەبەستی زیاتر ئاماژەدان بەم جۆرە شانۆگەرییە (ئەرستۆ) دەڵێت:- (تراجیدیا لاساییکردنەوەی کردەوەیەکی سەنگین و لەخۆیەوە تەواو پێگەیشتووە، کەدرێژییەکی دیاری هەیە وبەزمانێکی پاراو نووسراوە، کە چەندین بابەتی هونەری تێدا هاتووە، کەلەگەڵ بەشەکانی شانۆگەرییدا دەگونجێت و ئەمەش هەمووی بەشێوەی درامی ، نەك بە گێڕانەوە ئەنجام دەدرێ و رووداوی وای تێدایە، کە بەزەیی و ترس دەوروژێنێ و بەوەش پاکبوونەوە لەم دوو سۆزەدا دێتەدی.)( ١٩ ، ٢٠٠٤ ، ٢٧) نەك هەرئەوەندە، بەڵکو((دەبێت لەکەسانی سەربەچینە بالأکانیش بدوێت• هەروەها پێویستە باسی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و قەدەربکات بەشێوازێکی شیعریی قەشەنگ.)( ١٦ ، ٢٠٠٨ ، ٢٧) بێگومان ، ڕەنگە لەهەندێك قۆناغدا بەوشێوەیە بووبێت، بەلأم بەهۆی بەرەو پێشچوونی ڕەوتی ئەم جۆرە هونەرەوە وای لێهاتووە زۆرجار بەشێوەی پەخشانی بنووسرێت و بخرێتە ڕوو.

جگەلەوەش، وەك دەبینین شانۆگەری تراجیدی باس لەدەسەلأتی چینەکانی سەرەوەی کۆمەڵ دەکات بەسەرچینەکانی خوارەوەی کۆمەڵدا. کەواتە ئەم جۆرە شانۆگەرییە دەرئەنجامی لاسایی کردنەوەی ڕەفتار و کاری پەسەندی چەند کەسانێکە بەشێوەیەکی جوانتر و لەبارتر لەوەی ، کە لەواقیعدا هەیە.

## هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شانۆگەری تراجیدیا

١- پەرستنی مردووان .
٢- وێناکردنی بەسەرهاتی خوداکان چەشنی لەدایکبوونی (زیۆس) .
٣- هاوسەرگیری (زیۆس) لەتەك هەوادا .
٤- کارەساتەکانی دێمتر و پرۆسفونە و لەوانەش گرنگتر لە پلۆپونزو ئاتیك .
٥- مەرگ و هەستانەوەی (دیۆنوسیۆس). (١٧ ، ٢٠١٠ ، ٢٤)

**دووەم: کۆمیدیا**

**یەکێکی ترە لەجۆرەکانی شانۆگەری، کە خاوەن پێگە و تایبەتمەندی و مێژووی خۆیەتی و لەگەڵ تراجیدیادا (هەڵقولاچوی یەك چاوگ و سەرچاوەن)( ٣١ ، ٢٠٠٧ ، ١٣) ئەویش بریتییە لە ڕێورەسمی ئایینی (دیۆنیزیۆس) . واتە ئایین ڕۆڵی سەرەکی بینیوە لەسەرهەڵدانی هونەری شانۆگەریدا.**

**سەبارەت بەمێژووی سەرهەڵدانی شانۆگەری کۆمیدیا دەگەڕێتەوە ((بۆسەردەمی یۆنانییە کۆنەکان بۆسالی (٤٥٠ پ.ز)، کەهەندێك لەشارەزایان پێیان وایە لەئەنجامی هەندێك مەراسیم و ئاهەنگی تایبەتییەوە سەری هەڵداوە، کە یۆنانییەکان پێی هەستاون وسەرەتای ئەم ئاهەنگ گێڕانەش لەناوچەی (میگارا) بووە، کە دەکەوێتە باکوری وڵاتی گریکەوە وئیدی لەوێوە بڵاوبۆتەوە.) ( ٣ ، ٢٠٠١ ، ٥٥ – ٥٦ ) هەروەها هونەرمەند(ئەحمەد سالار) یش وردتر جەخت لەوە دەکاتەوە، کە کاتی سەرهەڵدانی ئەم جۆرە شانۆگەرییە بریتییە(( لەجەژنی دیۆنیزیۆس، کە لەپاییزاندا سازدەکرا، لەم بۆنەیەشدا هەرهەمان سەرگوزشتەی (دیۆنیزیۆس) ی خواوەند بەسەردەکرایەوە ، بەڵام لایەنی پیت و فەڕو سك وزار، کەلەشێوەی ئامێری نێرینەدا دەینواند.)( ١٨ ، ٢٠٠٥، ١٨٨) واتە ((لە ڕۆژانی بوژاندنەوەی ڕەزدا شایی و لۆغان و بەزم و ئاوازی شادییە و کاتی خۆشی و زیندەگانیە، لەڕۆژانی ڕەز ڕنین و هەڵوەرانی بۆڵە ترێ و لەکووپەنانی ئەو هەراو گۆبەند و بەزم سازکردنە بوونە هەوێنی کۆمیدیا)( ٣١ ، ٢٠٠٧، ١٥ ) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ، کە وەرزی ڕەز ڕنین و ترێ پێگەیشتن لەوەرزی پاییزدا بووە و کارەکەش زیاتر بەشێوەی گەلکاری و هەرەوەزی بووە و بۆنەیەکی خۆش و پێکەنیناوی بووە، کە تیایدا خەڵکی بە بەروبوومەکانیان شاد بوون و بەو بۆنەیەشەوە خۆشیان دەربڕیوە، تەنانەت ((هەندێ چەقاوەسوو و لاقرتێ باز بۆماندووکردنی شەویلاك و خاوکردنەوەی تای کرژی دڵ و دەروون دەستیان دەکرد بەقسەی بێ سەروبن و ڕەفتاری پڕوپووچ و بەناو خەڵکدا دەسوڕانەوە، تا سڕ دەبوون خەڵکیان دەهێنایە پێکەنین، کە ماندووش دەبوون ئەوجا داوایان لەخەڵك دەکرد، کە فشە و قسەی پڕوپووچیان بۆبکەن.)( ٣ ، ٢٠٠١ ، ٥٨) لەو ڕووەشەوە (ئەرستۆفان) ڕۆڵی بەرچاوی بینیوە و لەسایەی بەرهەمەکانیدا گەشەی کردووە، کە بەشێوەی پێکەنیناوی بوون ، واتە (لە پەنای پێکەنین و لاقرتیدا دەبوو بەچەمۆڵە لێگرتن و تیر و توانج وەشاندن لەو کاربەدەستانەی،کەخۆیان بەزل دەزانی وهیچیان لەباردا نەبوو،وەتاکە مەبەستیشیان گیرفان ئاخنین و سووخواردن و دزی و چڵێسی و خەڵك هەڵخەڵەتاندن بوو. جگەلەوەش ئەوبارودۆخانەی ، کەدەبوونە هۆی دووبەرەکی و مشتومڕیان لەسەردەکران وبەلایەکدا ساغ نەدەبوونەوە، ئیتر چ لەبارەی ڕامیارییەوە بووایە، یان لەبارەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەوە بووایە. ئەوبابەتانە لەناو دراما کۆمیدییەکاندا دەخرانە ڕوو. ئەکتەرەکانیش دەبوونە نوێنەری خەڵکەکە وبەڕێگەی تیروتوانج و**

گاڵتەوپێکەنین ڕەخنەیان دەربارەی ئەوبابەتانە ئاڕاستە دەکرد و وێنای بارودۆخی نالەباری ئەو سەردەمەی خۆیان لەکۆمیدیاکەدا دەنەخشان ) ( ٣ ، ٢٠٠١ ، ٥٧ )

لێرەدا ئەوەمان بۆدەردەکەوێت، کەگەندەڵییەکانی ژیان چ لەڕووی سیاسییەوە بووبێت، یاخود لەڕووی ناداد پەروەری کۆمەلایەتی و ئابووری بووبێت، هۆکاربوون بۆسەرهەڵدانی ئەم جۆرە شانۆگەرییە، کە تیایدا بەهۆیەوە ڕەخنەی توندیان لەڕەوشی خراپی بارودۆخی سیاسی و کۆمەلایەتی و ناسەقامگیری ژیان گرتووە، بەلاَم بەشێوەیەکی پێکەنیناوی و گاڵتەجارییەوە. بەلاَم لەگەڵ ئەوەشدا ئەم جۆرە شانۆگەرییە هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانییەوە ( لەلای هەندێ لە فەیلەسوفەکانی گریك بەشتێکی نەشیاو و نالەبار دراوەتە قەڵەم، چونکە لایان وابووە پێکەنین نیشانەی مرۆڤی چەورە و لاوازە و دەبوو پیاوی ماقووڵ و دامەزراو لێی وەدووربێ ، چونکە پێکەنین کەمەری کەسێتی مرۆڤ شل و خاو دەکاتەوە ) ( ٣ ، ٢٠٠١ ، ٥٦ ) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ، هەربابەتێك پێکەنیناوی و گاڵتە جاڕی بێت جێگای نیگەرانییە و شتێکی بێ سوودە و ئەو کەسەشی پێی هەڵدەستێت بەکەسێکی لاواز و خراپ دەدرایە قەڵەم. هەربۆیە دەبینین ( کەسانی وەك ( ئەرستۆ ) و ( هۆراس ) یش گلەییان لەدەست کردووە ، ئەوەش هەربەهۆی ئەو کەرەسە وباسانەی بەکاریان هێناوە. ) ( ٣١ ، ٢٠٠٧ ، ١٥ )، لەڕاستیدا ئەمەش جۆرە مشت ومڕێکی زۆری نابۆوە لەنێو خەڵکی ئەو کاتەی یۆناندا. بێگومان، ئەوەش بەهۆی بێ بایەخی و پلە نزمییەکەیەوە بوو، کە دژایەتی دەکرا، نەك هەرئەوەندە ، بەڵکو فەیلەسوفێکی وەکو ( ئەفلاتون ) یش لەکتێبی ( یاساکان ) یدا ( داوای لەمیری کردووە ، کە ئەم جۆرە هونەرە بخاتە ژێر چاودێرییەکی وردی توندو تیژەوە، ئەوەش لە پێناوی پاراستنی ڕەوشتە گشتییەکەدا ) ( ٣١ ،٢٠٠٧ ، ١٦ ) جگەلەوەش تەنانەت (( یەکەمجار، کە کۆمیدیا دامەزرا بەڕێگایەکی ئیرتیجالی بوو، هیچ ڕێکو پێکییەکی نەبوو ) ( ١١ ، ٢٠٠١ ، ٧٩ ) بەلاَم هەرچۆنێك بێت ( لەساڵی ٤٦٠ پ.ز لەلایەن میرییەوە وەك هونەرێك بە پێی یاسا بڕوانامەی دراوەتێ و مافی یاسایی وەرگرتووە ) ( ٣ ، ٢٠٠١ ، ٥٦ ) ئیدی بەوشێوەیە، تا ڕادەیەك بوو بەبابەتێکی مۆڵەت پێدراو و جۆرە سەقامگیرییەکی بەخۆیەوە بینی و وای لێهات، کە ( خەلاَت بۆشاعیرە کۆمیدیایە سەرکەوتووەکانیش دابنرێت ) ( ٣١، ٢٠٠٧ ، ١٦ ) وشاعیرانیش ئەم هونەرە نوێیە بەهەند وەربگرن و کاری لەسەربکەن وئیدی وردە وردە بە وڵاتانی ئەورووپا و جیهاندا بلاَوبۆوە و شان بە شانی شانۆگەری تراجیدیا بوو بەبەشێکی گرنگ لەمێژووی شانۆگەریدا.

**چەمك و زاراوەی كۆمیدیا**

سەبارەت بەزاراوەی كۆمیدیا، زۆرێك لە شارەزایانی بواری شانۆ پێیان وایە ، كە زاراوەی كۆمیدیا زاراوەیەكی كۆنە و لەبنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆسەردەمی یۆنانییە كۆنەكان و ((لە دوو وشە پێكهاتووە ، كە بریتیین لە وشەكانی (comos)، كە بەواتای ئاهەنگی لادێی بێ سەر وبەر دێت و(adein ) یش بەواتای ستران وتن هاتووە، كە هەردووكیان بەسەریەكەوە مانای گۆرانی و سەما و ڕەشبەڵەكی گەیاندووە. بەو شێوەیە هەردوو وشەكە ئاوێتەی یەكتربوون و بەدرێژایی ڕۆژگار سواون و بوون بە كۆمیدیا (comediea ))(٥٥ ، ٣،٢٠٠١) هەروەها ( ئەحمەد سالار) یش دەڵێت :- ( كۆمیدیا زاراوەیەكی كۆنی یۆنانییە، ئەم زاراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ یەكگرتنی وشەی (كۆمۆس comos) واتە شایی و لۆغان لەگەڵ وشەی (ode ) ، كە گۆرانی دەگەیەنێ)( ٣١ ، ٢٠٠٧، ١٦) كەواتە هەردوو وشەكە بەسەریەكەوە واتای گۆرانی شایی و لۆغان و زەماوەند دەگەیەنێت، كە بۆ ڕێز لێنانی خواوەندی (دیۆنیزیۆس) دەگێڕدرا و پڕ بوو لەقسەی نەستەق و سوڕ و سەما و هەڵپەڕكێ و پێكەنین .

هەندێكی تر لەڕەخنەگران پێیان وایە، كە زاراوەی كۆمیدیا لەگەڵ ئەوەی بۆكاتی سەماكردنی یۆنانییەكان دەگەڕێتەوە ، بەڵام (لەوكاتەدا جەژنێك هەبووە پێی دەگوترا جەژنی شەیتان و لەم جەژنەدا پێكەوە بەشداریان تیادەكرد و ئەم ئاهەنگە پێی دەگوترا (كودوس) و ئەو كەسانەی بەم كارە هەڵدەسان و جلی ڕەنگا و ڕەنگیان لەبەرخۆیان دەكرد و پێیان دەگوترا (كۆمیدین) و بەمە لە (كۆمۆس) و (كۆمیدین) ، كۆمیدیا وەك زاراوەیەكی درامی هاتە كایەوە)(١١، ٢٠٠١ ، ٧٩) هەروەها (مولوین مرشنت) یش پێی وایە ، كە (زاراوەی (كۆمیدیا) لەفەرهەنگی ئیگلیزی كۆندا واهاتووە، كە لەبنەڕەتدا وشەیەكی یۆنانییە و بەواتای ڕابواردن و خۆشی، یان بەواتای (گوند، گۆرانی بێژ، ئەكتەر) هاتووە وبەگشتی وشەی كۆمیدیا واتای (شاعیری مەلها ، یان شاعیری گوند) هاتوو. )( ٢٣، ١٩٨٠ ، ١٤)

لێرەدا ئەوەمان بۆدەردەكەوێت، كە چەمكی گشتی كۆمیدیا بەواتای خستنە ڕووی ڕووداو و بەسەر هاتەكانی ژیانە بەشێوەیەكی گاڵتە ئامێز وپێكەنیناوی لەچوارچێوەی وتنی گۆرانی و هەڵپەڕكێ ودەر بڕینی خۆشییەكانی مرۆڤدا.لەبەرانبەریشدا خۆشحاڵكردنی بینەرانە بەوەی كاتێكی خۆش بەسەربەرن، بەڵام لەگەڵ بەرەو پێشچوونی ڕەوتی شارستانیەتدا و بە پێی هەلومەرجی قۆناغەكە، چەمك و واتای هونەری كۆمیدیاش گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بۆگەلێك ئامانج و مەبەستی تر بەكارهاتووە، لەوانەش وەكو قسەكردن و ڕەخنەگرتن لەدیاردەی زەق وناقۆڵا ،كە دژی بەرژەوەندییەكانی خەڵك بێت. بەواتایەكی تر، دەكرێ بگوترێت :- (كۆمیدیا پەخشانی ژیانە، وردە ڕووداو و شتە لاوەكی و ڕێكەوتە كانی ژیان نیشان دەدا و ڕەخنە لەلایەنی خراپ و سەیر و سەمەرەكانی ژیان دەگرێت و شاپاڵەوانە

کانیشی هەمیشە لایەنە خراپ وبەدەکان، بێ نرخەکان، دەرد و کێشەکانی کۆمەڵ هەڵدەگرن )( ٢ ، ٢٠١٠، ٦٥ )

هەروەها (د. محمد غنیمی هلال ) یش دەڵێت :- ( کۆمیدیا لاسایی کردنەوەی خەڵکی ڕەزیل و چروکەکانە، نەك هەموو ناتەواوی و خەوشێك، بەڵکو لە ڕووە پێکەنیناوییەکەیەوە ، کەئەویش بەشێکە لەشتە دزێو وناشرینەکان٠ کەواتە کۆمیدیا هەم کورتی و ناتەواوییە، هەمیش ناشرینییە ، بەلاَم بەبێ ئازار و بەبێ زیان. ) ﴿٢٧، ١٩٧٣ ، ٨٨﴾ جگەلەوەش (ئەرستۆ) ش پێی وایە، کە هونەری (کۆمیدیا وەکو تراجیدیا وایە، کە بابەتەکانی بەستراوەتەوە بە هەموو کارو بارێکەوە و بەتەنها تایبەت نییە بەکەسێکی دیاریکراو و بابەتێکی دیاریکراوەوە. ) ( ٢٧ ، ١٩٧٣، ٩٠ ) واتە بابەتەکانی کۆمیدیا خۆی لەدووتوێی سەرجەم ڕەهەندەکانی ژیانی مرۆڤەکاندا دەبینێتەوە لەهەموو سەردەمێکدا و تایبەت نییە بە کەسێك ، یان شتێکی دیاریکراوەوە٠هەرلەدرێژەی دەربڕینەکانیدا (ئەرستۆ) لەکتێبی (هونەری شیعر) ەکەیدا جەخت لەوە دەکاتەوە، کە (کۆمیدیا بەشێوەیەکی خراپتر لەواقیع لاسایی مرۆڤ دەکاتەوە، بەلاَم خراپتر بەو مانایە نا، کە هەموو جۆرە خراپییەك وهەرچی خراپییەکی هەبێ ، بەڵکو بەومانایەی، کە گاڵتەجاڕی جۆرێکە لە دزێوی و خراپی، چونکە گاڵتەجاڕیی لەهەندێ شێوەی چەوتی و دزێوی پێك دێ ، کەئازار ، یان زیانیان تێدانییە٠ بۆنموونە ڕووبەندی کۆمیدی شێواو و دزێوە، بەلاَم نابێ بە مایەی هیچ ئازارێك)( ١٩، ٢٠٠٤ ، ٢٥ ) واتە کۆمیدیا لاسایی کردنەوەی کردەوەی جۆرە کەسێکە، کە لەئاستی گشتی نزمترە٠ ئەم نزمییەش لەمانای ناشرینی و کەموکورتی لایەنی ڕوخسار وئازار و ڕەفتاردا دەردەکەوێت، بەلاَم ئەم کەموکورتییە نابێ بگاتە ڕادەی ئازار و دڵتەنگی بۆ بینەران٠ بۆنموونە ئەو ڕووبەندەی شێوان و زێدە ڕەوی لە ڕووخساری بنیادەمدایە خەڵك دەخاتە پێکەنین، بەلاَم سۆز ناوروژێنێ .

## پێناسەی کۆمیدیا

بەمەبەستی زیاتر تێگەیشتن لە هونەری کۆمیدیا و هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ئەو سەرچاوانەی، کە باسیان لەکۆمیدیا کردووە، گەلێك پێناسەی جۆراوجۆرمان بەرچاو دەکەوێت، کە هەریەکەیان بەشێوەیەك پێناسەیان کردووە، بەلأم ئەوەی هەیە لەچوارچێوە گشتییەکەدا یەك دەگرنەوە، کە هونەری کۆمیدیا خۆی تێدا دەبینێتەوە. لەوانەش وەکو:- لای یۆنانییە کۆنەکان شانۆی کۆمیدی (بەزمەسات) بەمەبەستی ڕەخنەگرتن لەدیاردە دزێوەکانی مێژوو هەڵهێنجراوە) ( ٤ ، ١٩٨١ ، ١٨ ) واتە ڕەخنە و توانج گرتن لەهەموو کارێکی نەشیاو و ناقۆلاً، کەلەنێو مرۆڤەکاندا بوونی هەیە، بەلأم بەشێوەی گاڵتەو پێکەنیناوی، تا بتوانێت ئەو کارە دزێو و خراپانە لەناو ببات، هەروەها شانۆکار (یاسین قادر بەرزنجی) ش پێی وایە (کۆمیدیا یەکێکە لەشێوەکانی نمایشی شانۆیی، کە هەوڵی هێنانە پێکەنینی بینەران دەدات، زۆربەی جاریش کەسانی خراپ و فێڵباز دەبنە کارەکتەری ئەم جۆرە شانۆگەرییە و هەمیشەش بەشتی خۆش و بەختیار کۆتایی دێت لەهەمان کاتیشدا بابەتی جدیی تەواویش دەخاتەڕوو) ( ١٦ ، ٢٠٠٨ ، ٨٧ ) هەرلەو چوارچێوەیەدا (فیلیپ سدنی) ش دەڵێت:- ((کۆمیدیا گێڕانەوەی هەڵە ئاشکراو دیارەکانە لەژیانماندا) (٢٣ ، ١٩٨٠ ، ١٤) واتە بەهۆی هونەری کۆمیدیاوە دەکرێت سوود لەهەڵەو کەموکورتییەکانی ژیان وەربگیرێت، کە ڕوویانداوە و هەوڵیش بدرێت جارێکی دیکە ئەو هەلأنە دووبارە نەبنەوە و بن بە پەندو ئامۆژگاری بۆخەڵ. هەروەها هەندێکی تریش پێیان وایە، کە ((کۆمیدیا ئاوێنەی نواندنی چەوت وچەوێڵەکانی کۆمەلأنی خەڵك و ڕەخنە لێگرتنیانە) ( ٣ ، ٢٠٠١، ٥٨ ) هەروەها (هنری بیرغسون) فەیلەسوفی فەرەنسی دەڵێت:- (کۆمیدیا سەرچاوەی پێکەنینە و ئەزموونی بینینی مرۆڤە، کەوەکو ئامێرێك مامەڵە ، یان هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکات، ئەمەش بەتەواوی ئەوەیە، کە گاڵتەجاڕێك (کەسێکی پێکەنیناوی) دەیکات) (٢١ ، ١٩٨٧ ، ٨٣) هەروەها هەندێکی تریش دەڵێن:- (کۆمیدیا بەرهەمێکی درامییە، کە شەخسییەتەکانی بەشێوەیەکی پڕ لەگاڵتە و لاقرتێ بەرهەمەکە پێشکەش دەکەن) ( ٢ ، ٢٠١٠ ، ٦٥ ) هەندێکی تریش لەسادەترین پێناسەیاندا بۆ هونەری کۆمیدیا دەڵێن:- (هەر شانۆگەرییەك کۆتاییەکەی خۆشی بوو کۆمیدیایە) ( ٢١ ، ١٩٨٧ ، ٧٨ ) هەروەها (بن جۆنسۆن) یش دەڵێت :- (کۆمیدیا گرنگی بەو لادانانە دەدات، کەلەنەزانینەوە دەردەچن. واتە خۆی بەو کارانەوە خەریك دەکات، کە دەرچوونە لەڕەفتارە کۆمەلأیەتییەکان) ( ١ ، ٢٠١٢ ، ٥٣ ) هەروەها (شیشرۆن) یش خەتیبی گەورەی ڕۆمانی ، بەم شێوەیە پێناسەی کۆمیدیای کردووە ، هەروەکو دەڵێت:- (کۆمیدیا ئاوێنەی ڕەفتارەکانە) ( ١، ٢٠١٢ ، ٥٤ ) واتە کۆمیدیا ڕەنگدانەوەی ئەو ڕەفتارە ناقۆلاً و دزێوانەیە، کە پێکەنین دەهێننە ئاراوە ودەیەوێت لەڕێگای پێکەنینەوە کەموکورتی ودیاردە دزێوەکان ڕاست بکاتەوە و نەیان هێڵێت و چارەسەریان بکات.هەروەها (د.رشاد رشدی)دەڵێت :-

((كۆمیدیا بریتییە لەگێڕانەوەی كاری مرۆڤە خراپەكان، نەك لەڕووی پێكهاتەیانەوە، كە چرووكن ، یان شتێكی تر، بەڵكو لەبەرئەوەی كەسانێكی پێكەنیناوی بوو،كەسی پێكەنیناویش جۆرێكە لە كەموكورتی و خەوش، بەلاّم خەوشێك ، كە نە مرۆڤ لەناو دەبات ، وە نەئازاریشی پێ دەگەیەنێت، هەربۆیە دەموچاوی پێكەنیناوی ، وەكو دەموچاوێكی قێزەون وایە، بەلاّم بەپلەیەك نا، كە ئازاری بگەیەنێت) ( ٢٦، ٨، ٢٠٠٠) واتەزیاتر ئەو هەڵسوكەوتانە دەگرێتەوە، كە لەچوارچێوەی گشتی خوو ڕەوشت و نەریتی مرۆڤایەتی بەدەربن و زیان بەخش بن، لەڕاستیدا، بەوردبوونەوەمان بەكۆی ئەو پێناسانەی كۆمیدیادا بۆمان دەردەكەوێت ، كە كۆمیدیا وشانۆی كۆمیدی دووسەرەیە، سەرێكیان لەوەدا خۆی دەبینێتەوە ، كە كارێكی هونەری پێكەنین ئامێزە و مەبەستێتی بزە و پێكەنین بخاتە سەر لێوی بینەرەكانی. سەرێكی تریشیان ئەوەیە ، كە ڕەخنە لەهەمووكارێكی دزێو و ناقۆلاّ و نادروست دەگرێت ، كەلەنێو مرۆڤەكاندا بوونی هەیە، جا لەهەر ڕوویەكەوە بێت ، بەلاّم لەبەرگێكی پێكەنیناویدا.

## هۆكارەكانی دروستبوونی پێكەنین لەنێو شانۆگەری كۆمیدیادا

بەپێی تێڕوانینی درامانووسان وزانایانی دەروونناسی وبەتایبەتیش ئەوانەی لەسەركۆمیدیایان نووسیوە و كاریگەریان لەسەربینەر هەیە. ئاماژەیان بەم چەند هۆكارە كردووە، كە بریتین لە :-

١- دیمەنی دەرەوەی مرۆڤ. واتە سەرو سەكوت، یان گەدە وگیپالی مرۆڤ. هەر گۆڕاندنێكی نائاسایی ، كەسەروكۆتەلاّكی مرۆڤ بشێوێنێ و بڵحییەكی تازەی نائاسایی بۆ دروست بكات دەبێتە هۆی سەرەكی پێكەنین.

٢- ئەو نەنگیانە( عەیبانە ) ی ، كەدەبنە لەكەی سەركەسێتی مرۆڤ و كەسێتی مرۆڤ كەم دەكەنەوە، وەك كەم هۆشی ، نەفامی، گێلی ،....تد. ئەگەر هاتوو جڵەویان بەدەست خاوەنەكانیانەوە نەمابوو.

٣- ڕەوشت. واتە ڕەوشتی مرۆڤ ، زاری دەرەوەی هەموو ئاكارێكیەتی.

٤- قسەكردن: واتە ئەوەی لێرەدا مەبەستە ئەو جۆرە گفتوگۆكردنەیە، كە دەبێت هۆی بزواندن و هەڵچوونی مەگێزی پێكەنین)( ٣ ، ٢٠٠١، ٦٠ – ٦٤ )

**جۆرەكانی كۆمیدیا**

**شایانی باسە، شانۆگەری كۆمیدیا گەلێك جۆری هەمەڕەنگ و جیاوازی هەیە، كەهەریەكەیان تاییە تمەندیی خۆی هەیە لەوانەش وەكو:-**

**١- كۆمیدیای تەوس ، ئەوجۆرە كۆمیدیایەیە، كە تێیدا چارەسەری بابەتێك بەڕێگەی گاڵتەو تەوسەوە دەبێت .**

**٢- كۆمیدیای ڕەوشت (كۆمیدیای كۆمەلآیەتی) ، ئەو جۆرە كۆمیدیایەیە، كە تێیدا چارەسەری ئەو خوو ڕەوشتە نالەبارانە دەكات، كە چەند كەسانێك بۆی كۆماونەتەوە وبەجیری و مە نجری وەریانگرتووە جگەلەوەش (لەم جۆرە كۆمیدیایەدا دەتوانرێت بەئاسانی چێژ وخۆشییە ناوخۆییەكان بەدەست بهێنرێت، لەبەرئەوەی چارەسەری كێشە كۆمەلآیەتییە ناوخۆییەكان دەكات، بەلآم زۆر بەزەحمەت) ( ٢٢ ، ١٩٧٢ ، ١٦٧)**

**٣- كۆمیدیای بیرو ڕا، ئەو جۆرە كۆمیدیایەیە، كە تێیدا گاڵتەو فشە دەكات بەبیروڕای چەند كەسانێك.**

**٤- كۆمیدیای كەسێتی، ئەو جۆرە كۆمیدیایەیە، كە مەبەست لێی گاڵتەكردنە بەكەسانی كۆمیدیاكە.**

**٥- كۆمیدیای ڕۆمانتیكی ، ئەوجۆرە كۆمیدیایەیە ،كە بابەتی كۆمیدیاكە دڵداری و ئەڤین بێت و لەكۆتاییشدا سەركەوتن بۆ ئەڤینەكە بێت.**

**٦- كۆمیدیای دەلەسە، ئەو جۆرە كۆمیدیایەیە، كە بەزنجیرەیەك دەلەسە دەهۆندرێتەوە وتێیدا كەسانی ناو كۆمیدیاكە كۆمەڵە تەڵەیەك دەنێنەوە بۆئەوەی بگەن بە مەبەستێكی تاییەتی خۆیان، بەلآم یەك لەدوای یەك بەڕووی خۆیاندا دەتەقێنەوە ودەكەونە ناوچاڵی دەلەسەكانی خۆیانەوە و ئاواتە گەندەڵییەكانیان پووچەڵ دەبنەوە.**

**٧- كۆمیدیای لاقرتێ، ئەو جۆرە كۆمیدیایەیە ، كەمەبەست تێیدا پێكەنین و گە نجەفەكردنە وكۆمەڵێ لاقرتێ و هەڵسوكەوتی بێ سەروبن و پڕوپووچە )( ٣ ، ٢٠٠١ ، ٦٦ )**

**٨- كۆمیدیای فرمێسكاوی (ویژدانی) ، ئەو جۆرە كۆمیدیایەیە، كەتێیدا فرمێسك بەچاوی بینەراندا دێتە خوارەوە لەئە نجامی خۆشی و بیستنێكی هێواش لەبری پێكەنینێكی بەرهەمهاتوو دەربارەی ڕەخنە و هێرش كردن. لەڕووخساری ئەم جۆرە شانۆگەرییەدا دیمەنێكی پێكەنیناوی و كەشوهەوایەكی سۆزاوی و**

زمانێكی شیعریی بەدی دەكرێت، كە كاریگەری لەسەرلابردنی خەفەتی بینەر هەیە.

٩- كۆمیدیای مۆسیقی (گۆرانی)، كۆمیدیایەكی ئاسانە و خاوەن پێكهاتەیەكی درامی سادەیە و تێیدا گۆرانی و مۆسیقاو سەماو دیمەنی خۆش دەبینرێت و خاوەن بینەرێكی بەرفراوانە.

١٠- كۆمیدیای واقیعی، ئەو جۆرە كۆمیدیایەیە، كە بابەتەكانی لەواقیعی ژیانەوە وەرگرتووە.

١١- كۆمیدیای سەردەمی زیندوو، ئەو جۆرە كۆمیدیایەیە، كەبەكۆمیدیای چەپك وخێرایی ئەندێشە و وێناكردنی ڕووداوە فێڵاوی وهەڵگەڕاوەكانی دڵ وپەیوەندییە سۆزدارییەكان لەساڵۆنەكانی ڕۆڵەكانی چینی سەرەوەدا ناوزەد دەكرێت.

١٢- كۆمیدیای نمایشی، ئەوجۆرە كۆمیدیایەیە، كەتێیدا كەشوهەوایەكی سۆزداری دروست دەكات.

١٣- كۆمیدیای پێكەنیناوی، ئەوجۆرە كۆمیدیایەیە، كە پێكەنین وهاواركردن وچەپڵە لێدان و دەست بەكارهێنان وجووڵەی پاڵەوانێتی تێدا بەرچاودەكەوێت٠مەبەستیش خستنە پێكەنینە.

١٤- كۆمیدیای باڵا، ئەوجۆرە كۆمیدیایەیە، كە لەڕووی بابەت و لایەنی هونەرییەوە لەئاستێكی بەرزدایە وخاوەن سوشتێكی جدی وپێكەنینێكی كەمە و ڕەخنەش لەڕەفتاری كۆمەڵایەتی هاوچەرخ دەگرێت بەبێ توندوتیژی و (هەندێكجاریش نزیك دەبێتەوە لە تراجیدیا)( ٣٣، ٢٠٠٩ ، ٥١ )

١٥- كۆمیدیای نزم ئەو جۆرە كۆمیدیایەیە كە بابەتەكانی نزم وبێ بایەخن وئاستێكی هونەری نزمیشیان هەیە ئەوەش بەهۆی ئەوەی تێیدا بیروڕای قێزەون و ناشرین ونوكتەی نەشیاو و بێ پەردە وجوێن و قسەی سووك و هاواركردن و ڕەفتاری ناشرین دەخرێتە ڕوو.

١٦- كۆمیدیای هەڵوێستەكان، ئەوجۆرە كۆمیدیایەیە، كەپشت بەستووە بەشارەزایی لەبنیاتی چنینی درامیدا، زیاتر لەوەی پشت ببەستێت بە وێناكردنی كەسێتییەكان٠ جگەلەوەش نووسەر گرنگی و بایەخ بە هەڵوێستە پێویستەكان دەدات لەپێكەنین و جیاكاری درامی و هەڵەی زۆر و هەڵە ناسینی كەسێتییەكاندا.

١٧- كۆمیدیای ڕەش (ترجیكۆمیدیا) ، ئەو جۆرە كۆمیدیایەیە، كەلەبێ نرخی ژیان و وتەی نابەجێی كۆمەڵگا و كەسێتی مرۆییەوە وەرگیراوە٠ هەروەها ڕەگەزی ترس وخەماویشی تێدایە.

١٨- كۆمیدیای جوان، ئەو جۆرە كۆمیدیایەیە، كە زیاتر جەخت لەسەر ئاوازی ڕەوشتی و پاڵنەرە كەسێتییەكان دەكاتەوە بەجوانكردنیان لەگەڵ گەورەیی و شكۆمەندی كەش وهەوای سۆزداریدا.

١٩- كۆمیدیای درامی، ئەوجۆرە كۆمیدیایەیە، كە كرۆكی بیرەكەی لەتەماشانامەی پێكەنین ئامێزەوە

وەرگێراوە و کۆتـاییەکەشی خۆشییە.

٢٠- کۆمیدیای کەس، ئەو جۆرە کۆمیدیایەیە، کە زیاتر پشت بەستووە بەلێکۆڵینەوەی کەسێتی، وەك لەوەی پشت ببەستێت بەچنین، یان ئارەزوو، یان ڕەگەزێکی تری درامی.

٢١- کۆمیدیای هەوەس (ئارەزوو)، ئەو جۆرە کۆمیدیایە، کەبەدرامایەکی پێکەنیناوی ڕەخنەیی بەناوبانگە و ڕووداوە دراميیەکانیش پشت بەستووە بە وێناکردنی کەسێتی، کەخاوەن سروشت و تاقەتێکی تایبەتن، ئەمەش لەگەڵ ڕەفتاری کەسێتیدا دەگونجێت .

٢٢- کۆمیدیای پیلانگێڕی، ئەو جۆرە کۆمیدیایەیە، کەبایەخ و گرنگی بەچنینێکی تۆکمە دەدات لەسەر لایەنی شاردنەوە و پیلانگێڕی پێکەنیناوی ، کە بەشێوەیەکی ئاسایی لەنهێنیدا جێ بەجێی دەکات .

٢٣- کۆمیدیای ڕەفتاری، ئەو جۆرە کۆمیدیایەیە، کە تێیدا ڕەفتاری کەسایەتییەکان، نەك کەسایەتییەکان خۆیان، دەبنە ئامانجی بڕیار و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانیش دەبنە مایەی پشکنین. واتە لەسەر بنەمای پیلانگێڕی و خێرایی ئەندێشەی زمانەوانی و پەیوەندی خۆشەویستی نایاسایی وڕەخنە گرتن لەڕەفتاری کۆمەڵایەتی دروستکراو بنیات نراوە بۆ چین و توێژە بالاکان ) ( ٢٥ ، ١٩٩٣ ، ٤٨ - ٥٣ ).

٢٤- کۆمیدیای ساتیرایی، ئەو جۆرە کۆمیدیایەیە، کە تێیدا کەسانێك یاسا ڕەوشتی و کۆمەڵایەتییەکان لەبەرچاو ناگرن ودەبنە مایەی گاڵتەجاڕی واقیع و نووسەریش ڕەخنە لە نارێکوپێکییە کۆمەڵایەتییەکان دەگرێت. واتە کەسایەتییە لادەرەکان دەبنە نیشانە بۆ پلار و ڕەخنەی نووسەر.

٢٥- کۆمیدیای فارس، ئەو جۆرە کۆمیدیایەیە، کە تێیدا شاکەس ، یان زۆر گەورە، یان زۆر بچووك دەکرێتەوە و دەکرێتە مایەی گاڵتەجاڕی. واتە زیادە ڕۆیی لە کێشانی وێنەی شاکەسدا دەکرێت، بەمەش کەسایەتییەکە شێوەیەکی کاریکاتێری وەردەگرێت و ئامانجیش تێیدا تەنها پێکەنینە.

٢٦- کۆمیدیای فۆرفیل ،جۆرە شانۆگەرییەکی گاڵتە ئامێزی سووکە وبابەتی بچووك وئاسانی لەخۆگرتووە، بەلام هەرچۆنێك بێت پێکەنین تیایدا لە پێناوی ئامانجێکی دیاریکراوە.

٢٧- کۆمیدیای بێهودەیی، ئەو جۆرە کۆمیدیایەیە، کە تێیدا گاڵتەکردن بەهەموو شتێك دەست پێدەکات و بەڕەتکردنەوەی هەموو شتێك و بانگ هێشتکردن بۆفەرامۆشکردنی هەموو شتێك کۆتایی دێت. واتە بابەتی سەرەکی ئەم جۆرە کۆمیدیایە، بێهودەیی و بێ مانایی و پووچی ژیانی مرۆڤە لەڕوانگەی ئەو نووسەرەوە ، کە هیچ بیروباوەڕێکی ئایینی و ئایدیۆلۆجی دیاریکراوی نەماوە، کە لەبەرهەمەکەیدا بیخاتە ڕو. ) ( ١ ، ٢٠١٢ ، ٥٤ – ٥٦ )

**ئەرك و سوودەکانی کۆمیدیا**

١- دامرکاندنەوەی کەف وکوڵی ئەو حەز و ئارەزووانەیە، کەلەکاتی هەڵپەکردنیاندا سەرکوتکراون و ڕەوانەی تاریکستانی جیهانی ناهەست بوون) ( ٣١، ١٩٨١، ٢٦ ) و( ٣،٢٠٠١، ٦٧ ) هەروەها (هێنانە پێکەنین و خۆشی بەخشین• بۆئەو مەبەستەش پەنابردنەبەر قسەی نەستەق وگاڵتەو گەپ وجنێو و پیشاندانی کەسەکان لەشێوەی سەیرو سەرسوڕهێنەردا )( ٧ ، ١٩٨٥، ٣٩ )

٢- ڕەخە گرتن و چارەسەرکردنی دەردەکانی ناوکۆمەڵ و ئاڕاستەکردنی ڕەفتاری خەڵك )( ٣١، ٢٠٠٧، ٢٦ ) و ( ٣،٢٠٠١،٦٧ ) بەتایبەتیش ( خستنە ڕووی چەوتی و چەوێڵی ڕژێم و پیاوانی دەسەلاّتدار و گاڵتە پێکردنیان لە گۆشە نیگای ڕەخنە لێگرتنەوە ) ( ٧،١٩٨٥،٣٩ )

لێرەدا دەگەینە ئەوەی بڵێین، کە بۆهەموو ئەو ئەرك و هەستان بەنمایشکردنی شانۆگەرییەکی کۆمیدیایی ئەوەیە، کە هیچ کام لەئەکتەر و درامانووسی کۆمیدی نابێ بترسن، بەڵکو دەبێت کەسانێکی بوێر و چاونەترس بن ، چونکە ئەوان مەبەستیانە خەڵکی ئازاد بێت و سەربەستانە مومارەسەی ژیان وئازادییەکانی خۆیان بکەن. لەلایەکی تریشەوە پەردە هەڵماڵینە لەهەمووشتە خراپ وگەندە ڵییە کانی ژیان • نەك هەرئەوەندە ، بەڵکو بەڕای (ئەندرۆستۆت) یش ( کۆمیدیا لەشێوە هەرە سەرەتاییەکەیدا خۆی بەسیاسەت و دەوڵەتەوە خەریك دەکات• بۆنموونە کۆمیدیای ئەرستۆفانی زۆرجار ناوی کەسانی دیار و ناسراوی ئەسینا دەزڕێنێت و سیاسەتەکانیان دادەشۆرێت ) ( ٣٢ ، ٢٠٠٨، ١١٨ ) واتە شانۆگەری کۆمیدیا دەیەوێت لەڕێگەی نمایشەوە پەنجە بخاتەسەر ئەو گەندەڵی و بارە ناتەندروستەی ، کە پیاوانی دەسەلاّتدار لەولاّتدا دروستیان کردووە، پاشانیش هەوڵی چارەسەریان بۆبدرێت، بەلاّم لەقاڵب و بەرگێکی ڕەخنەیی پێکەنیناویدا، کە بتوانێت بابەتەکان بوروژێنێت . ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە شانۆگەری کۆمیدیا هەربۆ پێکەنین وگاڵتەکردن وکات بەسەربردن ، نییە.

بۆیە شانۆکارێکی وەکو( تەها خەلیل ) دەڵێت:- ( کۆمیدیا بەقورستر دەزانم، وەك لە تراجیدیا، چونکە دەبێتە هۆی جووڵاندنی میللەت و دەیشیخاتە پێکەنین و وای لێدەکات گاڵتە بەکردەوەکانی پێش خۆی بکات)( ١٣، ١٩٩٧، ٣٤٧ ) واتە ڕەنگە زۆرجار بەکۆتایی هاتنی شانۆگەرییەکە ڕا پەڕین و دەنگی ناڕەزایی لای بینەران دروست بکات و پاڵیان پێوەبنێت بۆ دژایەتی کردنی دەسەلاّت و دیاردەی دزێو و نەشیاو .

**بەشی دووەم :**

**ئاوڕدانەوەیەك لەمێژووی شانۆگەری لەشاری سلێمانیدا**

**سەبارەت بەهەڵدانەوەی لاپەڕەكانی مێژووی شانۆ لەشاری سلێمانیدا، دەبینین (سلێمانی) وەك شارێكی كوردستانی ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لەگەشەسەندن و بەرەو پێشبردنی ڕەوتی هونەری شانۆگەریدا، كە شاعیران وهونەرمەندان بە پەرۆشەوە لێیان ڕوانیوە و كاریان بۆكردووە، بەڵام مخابن لەچاوسەرهەڵدانی مێژووی شانۆگەریی لەجیهاندا ، سەرهەڵدانی مێژووی شانۆگەری چ لەسەرئاستی كوردستان بەگشتی و چ لەسەر ئاستی شاری سلێمانیش بەتایبەتی ، دەبینین مێژووی شانۆگەری لەو شارەدا ، هێندە كۆن نییە و دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەكانی دوای جەنگی جیهانی یەكەم. هەروەكو هونەرمەند (دانا ڕەئوف) دەڵێت:- (ڕەوتی شانۆی كوردی بەبەراورد لەگەڵ گەلانی دنیادا زۆر نوێیە، یەكەم تەقەلاكانی ئەم هونەرەش لای ئێمە دەگەڕێتەوە بۆ بیستەكانی دوا سەدەی هەزارەی ڕابردوو) ( ٨ ، ٢٠٠٧، ١١١) ڕەنگە ئەوەش بگەڕێتەوە بۆكۆمەڵێك هۆكاری سیاسی وكۆمەڵایەتی و ئابووری هتد..**

**واتە كورد ، تا سەرەتای سەدەی بیستەم هونەری شانۆی بەواتا ڕۆژئاواییەكە نەبووە. ئەوەش لەبەرئەوەیە، كە ((بارودۆخی شارستانی و ئایدیۆلۆژیی كوردستان بەوشێوەیە نەبووە ، تا شانۆنامەی تێدا سەرهەڵبدات، چونكە هەروەكو ڕەخنەگری فەرەنسی (تۆدۆرۆف) باسی دەكات : ژانرێكی ئەدەبی بۆئەوەی سەرهەڵبدات، پێویستە كۆمەڵگاكەی گەیشتبێتە ئاستێكی دیاری پێشكەوتن.)( ١٠، ٢٠٠٢، ١٠٢ -١٠٣) كەواتە، گەر بەو حسابە بێت ، ئەوا كۆمەڵگای كوردی لەو سەردەمەدا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستی پێشكەوتنەی ، كە بتوانێت برەو بەزۆر لەڕەهەندەكانی پێشكەوتنی ژیان بدات ، لەنێویشیاندا مەسەلەی شانۆیە، كە بێگومان پەیوەندییەكی زۆری بەڕادەی پێشكەوتنی شارستانیەتی كۆمەڵگاوە هەیە. لەڕاستیشدا ، شاری سلێمانیش بەشێكە لەو واقیعەی ، كە كۆمەڵگای كوردی بەدرێژایی مێژوو پێیدا تێپەڕیوە و لەژێر كاریگەری هەموو ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانەدا بووە ، كە بەسەریدا هاتووە، بەڵام هەرچۆنێكیش بووبێت شاری (سلێمانی) وەكو شارێكی نوێ بەردەوام لەلایەن شاعیران و نووسەرانییەوە هەوڵیداوە كەم ، تا زۆر ئەو قۆناغانە تێپەڕێنێت و خۆی لەگەڵ ڕەوتی شارستانیەت و پێشكەوتنەكاندا بگونجێنێت . بێگومان، ئەوەش بەهۆی ئەوەوە بووە، كە (شاری سلێمانی هەرلەكۆنەوە مەڵبەندێكی ڕۆشنبیریی و سەرچاوەی بەخششی هونەر و ئەدەبیات بووە. دیارە، كۆمەڵێك هۆی خۆیی و مەوزوعی ئەو دیاردەیەیان خوڵقاندووە. یەكێكیش لەو هۆیانە كردنەوەی (كۆمەڵی زانستی كوردان) بووە**

لەساڵی ١٩٢٦ دا لەسلێمانی و جموجووڵی چالاکی ئەو کۆمەڵەش، تا ماوەیەکی باش زۆر لایەنی بیر ڕووناکی کوردیان پێ ڕووناك کراوەتەوە ) ( ٨،٢٠٠٧، ٣٧ ) بەتایبەتیش لەبواری شانۆدا ،کە ((شانۆ لەژیانی کۆمەڵ و چاو کردنەوەی خەڵکیدا چ دەورێکی مەزن ئەبینێ) ( ٨، ٢٠٠٧، ٣٧ ) هەرلەو چوارچێوەیەدا و((دوابەدوای دامەزرا ندنی کۆمەڵەی زانستی کوردان، تیپێکی شانۆیی بەناوی (تیپی شانۆی قوتابخانەی زانستی ) لەسلێمانی دادەمەزرێنێت) ( ٣٤، ٢٠٠٤، ٢٢ ) بۆ ئەومەبەستەش گەلێك شانۆگەری خۆماڵی و وەرگێڕدراو پێشکەش بە بینەران کراوە.

بێگومان ، ئەوەش هۆکارێکی گرنگ و پڕبایەخ بووە لەبەرەو پێشبردنی بزاڤی شانۆی کوردیدا، لەو شانۆگەرییانەش، کە پێشکەشکراون وەکو:- (عیلم وجەهل ، نیرۆن ، دڵداری و پەیمان پەروەری ، سەربازی ئازا، هتد..)، کەهەموو ئەمانەش لەسەردەستی کۆمەڵێك لەمامۆستایان و قوتابیانی ئەو سەردەمەوە پێشکەشکراون، چونکە سەرەتای دەست پێکردنی شانۆگەری لەو شارەدا لە قوتابخانەکانەوە دەستی پێکردووە، هەروەکو هونەرمەند (کاوەی ئەحمەد میرزا ) دەڵێت :- (سەرەتای بزووتنەوەی شانۆی کوردی لەقوتابخانەکانەوە دەستی پێکردووە. واتەسەرەتای کار بزووتنەوەیەکی قوتابیانە بووە)( ٣٠، ١٩٧٤، ٦ ) هەروەها (د.فەرهاد پیرباڵ)یش جەخت لەسەر هەمان بۆچوون دەکاتەوە ودەڵێت:- ((چالاکییە شانۆییەکانی قوتابخانەکان بەهاوکاری قوتابی و مامۆستایان، کە لەهەستێکی نەتەوەییەوە هەڵقوڵابوون و زیاتر لە بۆنە نیشتمانییەکاندا پیشان دەدران، ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە لەنەشونمای جموجووڵی شانۆییدا) ( ٢٩، ٢٠٠١، ٦٣ ) واتە قوتابخانەکان ڕۆڵی بەرچاویان بینیوە لە گەشەسەندن و بەرەو پێش بردنی ڕەوتی شانۆیی لەشاری سلێمانیدا. لەو ڕووەشەوە شانۆگەری (عیلم وجەهل )وەکو سەرەتایەکی مێژووی شانۆگەری لەسلێمانیدا ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە خۆشەویستکردنی هونەری لای بینەران و لەبنەڕەتیشدا هەروەکو هونەرمەندان (کاوەی ئەحمەد میرزا ) و (یاسین قادر بەرزنجی )یش پێیان وایە ((ئەو شانۆگەرییە لەدەقی شانۆیی عەرەبی (لولا المحامی ) یەوە وەرگیراوە و لەلایەن مامۆستا (فوئاد ڕەشید بەکر ) ەوە وەرگێڕدراوە بۆسەرزمانی کوردی وئامادەکراوە و ناوەکەشی کراوە بە (عیلم وجەهل )و بەرگێکی کوردی کراوە بەبەردا و لەرۆژی ٢٧/تەموز/١٩٢٦ بۆماوەی (٣ ) ڕۆژ لەماڵی (بەهێ خان ) ی ژنی (شێخ مەحمودی نەمر ) پێشکەشکراوە ) ( ٦، ٢٠١١، ١٧ ) و ( ٨، ٢٠٠٧، ١٣ ) وبەیەکەمین دەقی شانۆگەری دانراوە ، بەڵام ( حەمە کەریم هەورامی ) سەبارەت بەسەرەتای شانۆی کوردی لەسلێمانی دەڵێت:- (لای هەموو ڕووناکبیران ڕوونە، کەشاری سلێمانی شوێنی هەڵنانی یەکەم هەنگاوی شانۆگەریی کوردییە وشانۆگەری (قڕاڵیچە ) ش یەکێکە لەو شانۆگەرییانەی لەساڵی ١٩٢٢ دا لەشاری سلێمانی و لەگۆڕەپانی (ئەسحابەسپی ) دابووە، ئەو تەمسیل کردنەش لەو شوێنەدا سەرەتای مێژووی بزووتنەوەی شانۆگەری کوردی دەنەخشێنێ)( ٣٤، ٢٠،٢٠٠٤ ) و لەلایەن هەندێك لەمامۆستا و شاعیرانی ئەو سەردەمەوە پێشکەشکراوە ، کەبریتی بوون لە هەریەکە لە :- (نوری شێخ ساڵح ، زێوەری شاعیر،

سالّح قەفتان ، كەریم زانستی ، ڕەئوف شێخ سالّح ) ( ٣٤، ٢٠٠٤،٢٠)
لێرەدا وەك دەردەكەوێت، كە بزاڤی شانۆگەری لە شاری سلێمانیدا زیاتر لەلایەن مامۆستا و قوتابیانەوە نمایش كراوە و ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لە دەركەوتن و بەرەو پێشچوون و گەشەسەندنی ڕەوتی شانۆگەری كوردیدا. بێگومان، دەركەوتنی ئەو ڕەوتە مێژووییەی شانۆش لەشاری سلێمانیدا دەگەڕێتەوە بۆئەوەی ، كە (( پێداویستییەكی سەردەمیانە بووە بۆگوزارشت كردن لەو بارودۆخە سیاسی و ئابووری و كۆمەلاّیەتیەی، كە نەتەوەی كورد تێیدا دەژیا، وەشتێكی پێویست بوو بۆ وەلاّمدانەوە و كاردانەوەی هۆكارەكان.)) ( ٥ ، ٤١،٢٠١٣ ) واتە لەو سەردەمەدا شانۆ مینبەرێكی ڕاستەوخۆ و كاریگەربووە بۆ هوشیار كردنەوەی كۆمەلاّنی خەڵك. كەواتە، بەشێوەیەكی گشتی وەك دەبینین مێژووی دەركەوتنی ڕەوتی شانۆگەری لە شاری سلێمانیدا دەگەڕێتەوە بۆ دوای جەنگی جیهانی یەكەم ، كە بەهۆی نالەباری ئەو بارو دۆخە سیاسییەی ئەو سەردەمەوە ، كە هاتبوو بەسەر گەلی كوردا ، هونەری شانۆگەری توانی ببێت بە هۆكارێكی باش بۆ دڵدانەوە و بەئاگا هێنانەوەی كۆمەڵگا لە ڕووداو و بەسەرهاتەكانی ڕۆژ.

## مێژووی شانۆگەری كۆمیدی لە شاری سلێمانیدا

بێگومان ، لەگەڵ هەموو ئەو بارودۆخە ناهەموارەی كوردستاندا بەگشتی و شاری سلێمانیش بەتایبەتی ، لەڕووی سیاسی و كۆمەلاّیەتی و ئابووری هتد..، كە بەسەریدا هاتبو دەبینین دەركەوتنی هونەری شانۆش ، وەك ژانرێكی نوێ وبەشێوەیەكی سەرەتایی لەوسەردەمەدا شتێكی دڵخۆشكەرە بوو، بەلاّم بێ كەموكوڕیش نەبووە و بەتایبەتی تریش دەستنیشان كردنی شانۆگەری كۆمیدیا، وەك جۆرێكی سەربەخۆ لەمێژووی شانۆ لەشاری سلێمانیدا، چونكە بۆچوونی هونەر مەندان و شارەزایانی ئەو بوارە جیاوازن . بۆنموونە (یاسین ڕەشید حەسەن ) دەڵێت :- (لە دەستپێكی دەیەی دووەمی سەدەی بیست (١٩١٠- ١٩١٢ ) لەمیهرەجانەكانی شاری سلێمانیدا چالاكی شێوە شانۆیی و نواندنی میللی پێشكەشكراوە و چەند هونەرمەندێكی قۆشمەچی چەندین دیمەنی شانۆیی و گاڵتە وگەپ و كۆمیدیان پێشكەشكردووە ) ( ٣٤، ٢٠٠٤،١٦ ) واتە دەركەوتنی بابەتی كۆمیدی بەشێوەی هونەری شانۆگەریی نەبووە ، بەڵكو لەشێوەی چەند دیمەنێك و گرتەیەكی كۆمیدیدابووە ، كە لە بۆنەو میهرەجانە كۆمەلاّیەتی و كلتوورییەكاندا لەسەیران بووبێت ، یاخود لەمالاّندا ،یاخود لە شوێنە گشتییەكاندا پێشكەشكراوە ، ئەوەش زیاتر بۆكات بەسەربردن و خۆشی بووە.

كەواتە، ئەو میهرەجان و كۆڕو كۆبوونەوە جەماوەرییانە، بەتایبەتیش بۆنە كۆمەلاّیەتی و ئایینی و سیاسیەكان ، دەكرێ وەكو دەسپێكێك و سەرەتایەك تەماشا بكرێن بۆ دەركە وتنی شانۆگەری كۆمیدی، بەلاّم نەك وەكو دەقێكی شانۆیی ڕێكخراو لەو ڕووەشەوە ( ئەحمەد سالار ) ئاماژە بە هەندێك بابەتی تری

فۆلكلۆری دەدات بەتایبەتیش بابەتێكی وەكو ئەفسانە،كە توانراوە سوودی لێوەربگیرێت وبەشێوەی گاڵتەو گەپ و پێكەنین بخرێنە ڕوو، كە شێوەیەكی نیمچە شانۆییانەی هەبوو، بەڵام شانۆگەری نەبوون، لەوانەش وەكو مەسەلەی (بووكە بەبارانێ)، هەروەكو دەڵێت:- (لەسالآنی وشك و بێ باراندا كۆمەڵێك خەڵك كۆدەبنەوە و یەكێكیان دەبێتە بووكەكە و ئەوسا دەكەونە كوچە وكۆلآنی شار، یان گوندەكەیان، ماڵەو ماڵ لەدەرگا دەدەن، دەروازەی مالآن یەكالا دەبێتەوە ولەلایەن كۆرسی خەڵكەكەوە ئەم سروودە، یان (گۆرانی)یە دەوترێتەوە:-

بووكە بە بارانـــــــێ
سەعاتی جارانـــــــێ
ئاوی بن دەغلآنـــــــێ
گەنم و جۆ هەرزانـــــێ

خەڵكەكە بەدەنگیانەوە دێن و بە ڕژاندنی گۆزە و كاسە ئاو بەسەری بووكەكەدا بەشداریان دەكەن.) (٤، ١٩٨١، ٥٠ – ٥١) لەڕاستیدا، ئەوە ڕێو ڕەسمێكی كۆمەلآیەتییە و زیاتریش منالآن و خەڵكێكی تارادە یەك لە تەمەنی خوار هەرزەكاریدا بەشداریان تێدا دەكرد و دەبووە خۆشی و جۆرێك لەگاڵتەو گەپ، كە شێوە كۆمیدیایەكی پێوە دیاربوو واتە دەكرێ ئەو ڕێوڕەسمە كۆمەلآیەتییە بە جۆرێك لەشانۆی كۆمیدیای گەڕۆكی ناوبنێین،كە تێیداخەڵكە بەشداربووەكە لە شوێنێكدا نامێننەوە، بەڵكولەشوێنێكەوە بۆشوێنێكی تر دەڕۆن ودەگەڕێن٠هەرلەو چوارچێوەیەدا (یاسین قادربەرز نجی) لەدووتوێی قسەكردنی لەسەرشانۆگەری (عیلم وجەهل) دا دەڵێت:- ((وا باوبووە لەگەڵ شانۆگەری درێژدا ،دیمەنێكی كورت، یان زیاتریان پێشكەشكردووە و زۆرجاریش ئەو دیمەنانە كۆمیدی بوون)) (٨ ، ٢٠٠٧، ١٣) بێگومان ، ڕەنگە ئەوەش بۆ ئەوە بووبێت، كە شانۆكاران ویستبێتیان لەڕێی ئەو دیمەنە كۆمیدیایانەوە زیاتر خۆشەویستی هونەری شانۆگەری لای بینەری كورد خۆشەویستر بكەن و زیاتر سەرنجیان ڕابكێشن و هونەری شانۆگەرییان پێ ئاشناتربكەن و بتوانرێت هەندێك لەخەم و پەژارەو موعاناتیان كەم بكرێنەوە و كەمێك دڵخۆشیان بكەن و بیانخەنە پێكەنین.

ئیدی بەوشێوەیە وردە وردە ئەو سەرەتایە لەگەڵ بەرەو پێشچوونی ژیانی كۆمەڵگای كوردیدا و بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی خەڵكی شاری سلێمانیدا ، دەبینین ڕەوتی شانۆگەری كوردی بەگشتی و شانۆگەری كۆمیدیش بەتایبەتی هەنگاو بەرەو پێشەوە دەنێت و سەقامگیرتر دەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەك پێویست نییە ، بەڵام بەشێوەیەكی دامەزراو جێگیر سەرەتای شانۆگەری كۆمیدی وەكو دەقی شانۆیی دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سالآنی پەنجاكانی سەدەی ڕابردوو، بەتایبەتیش ساڵی ١٩٥٦، كەتیایدا یەكەم شانۆگەری كۆمیدی وەكو دەق هاتە بەرهەم بەناوی (ئافرەت و نوشتە) وە ، هەروەكو (حەمەكەریم هەورامی) دەڵێت:- ( ئافرەت و نووشـتە دووەم درامای كوردی لەچاپدراوە ، بەڵام یەكەم

شانۆگەریی كۆمیدی كوردییە ) (٣، ٢٠٠١،٣٠٧) ، كە ئێمە مەبەستی سەرەكیمان لە دەقی شانۆگەری خۆماڵییە ، نەك دەقی بیانی ، كە وەرگێڕدرابێتە سەر زمانی كوردی. هەروەها (ساڵی ١٩٥٧ یش ،كە تیایدا (كۆمەڵەی هونەرە جوانەكان )دامەزرا بەقۆناغێكی نویٚ دادە نرێت) ( ٦ ، ٢٠١١،٤٩) لەمێژووی شانۆی كوردیدا ، چونكە وەرچەرخانێكی گەورە بوو بۆ بزاڤی شانۆی كورد. ئەگینا، پێش ئەو مێژووانەش دەقی شانۆگەری كۆمیدی هەبووە ، بەڵام بیانی بووە و وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی كوردی بۆنموونە وەكو ((شانۆگەری (جەنابی موفەتیش) لە نووسینی (گۆگۆل) لەساڵی ١٩٥٤ ،هەروەها شانۆگەری (پیسكەی تەڕ پیر) لەنووسینی (مۆلێر) ساڵی ١٩٥٦، كەتیایدا هونەرمەند(ڕەفیق چالاك) وەكو كارەكتەرێكی كۆمیدی ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو لە ئامادەكردن و وەرگێڕانی بۆسەر زمانی كوردی و بەهاوكاری هونەرمەند (نوری وەشتی) لەسەر شانۆی (سانەوی سلێمانی) پێشكەشكرا و بینەرێكی زۆری لەدەور كۆبووەوە) ( ٢١، ٢٠١١، ٦ )هتد..، كە بەناچاری هونەرمەندان پەنایان بۆئەو دەقە بیانیانە بردووە، چونكە دەقی خۆماڵی وئاستە شانۆییەكەش وەك پێویست لە ئاستێكی باشدا نەبوون ، یان ئەگەرمەسەلەی كۆمیدیاش لەنێو دەقە شانۆییە كوردییەكانیشدا هەبووبێت، ئەوا وەكو چەند دیمەن و گرتەیەكی كۆمیدی هەبووە، نەك وەكو دەقێكی كۆمیدی كوردی. بەڵام هەرچۆنێك بووبێت ، بابەتە كۆمیدییەكان كەم ، تا زۆر توانیویانە بەناوی پێكەنین و گاڵتەوە پەنجە بۆ زۆر دیاردەی خراپ و دزێوی نێو كۆمەڵگا بەرن وبیانخەنە ڕوو، وە ڕەخنەشیان لیٚ بگرن. بەوەش تارادەیەكی باش كۆمەڵگا هوشیاربكەنەوە و كاریگەریی وئاسەوارێكی باش لەسەر هزر و تێڕوانینی بینەران دروست بكەن و سەرنجیان ڕابكیش.

جا ئیدی ، گەر وردتر بە ئاڕاستەی قۆناغە مێژووییەكەدا شۆڕببینەوە و سەركەوین، دەبینین ڕەوتی شانۆگەری كۆمیدییش ، تارادەیەكی بەرچاو بەرەو هەڵكشان هەنگاودەنێت و جێگیرتردەبێت و بەوەش كەمێك ئاستی شانۆی كوردی لەوشارەدا جۆرە بەرەو پێشچوونێك بەخۆیەوە دەبینێت، بەڵام بێگومان هەموو ئەمانەش ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە ڕەوشی بارودۆخە سیاسییەكەوە هەیە. بۆنموونە لەماوەی (دامەزراندنی كۆمەڵەی هونەرەجوانەكان (١٩٥٧ – ١٩٦٣)، كە بەقۆناغێكی نویٚ دادەنرێت لەڕەوتی بزووتنەوەی شانۆییدا، پاش داخستنی كۆمەڵی هونەرە جوانەكانیش، سەرلەنویٚ بزووتنەوە شانۆییەكە گەڕایەوە ئامێزی قوتابخانەكان. لەم بوارەشدا ڕۆڵی ڕێكخراوەكانی ئەو سەردەمە، ڕۆڵێكی گرنگ و بەرچاویان بینی لەبەردەوامی بزووتنەوەی شانۆییدا و هەنگاونان بەرەو پێشەوە، بەتایبەتی لەڕووی ئەوەی كچان بەشێوەیەكی بەرچاو هاتنە ڕیزی بزووتنەوەكە و پاشان دەركەوتنی چەند توانایەك لەبواری دەقی شانۆییدا ) (٤٩، ٢٠١١، ٦ ) هەرلەو چوارچێوەیەدا دەبینین (لەدوای شۆڕشی تەموزی ساڵی ١٩٥٨ شان بەشانی كۆمەڵی هونەرە جوانەكان بزووتنەوەیەكی شانۆیی لەناو ڕێكخراوەكانی ئەوسەردەمەدا سەری هەڵدا و چەند تیپێكی شانۆیی نویٚ دامەزرا، كە گرو تینێكیان بەخشییە بزووتنەوە شانۆییەكە. لەو تیپانەش وەكو:- (تیپی نواندنی شۆڕش) و (تیپی نواندنی خەبات ) و( تیپی نواندنی

قوتابیان ) ( ٦،٢٠١١،٢٦ – ٢٩ ) هەروەها (( دامەزراندنی ( چالاكی قوتا بخانەكان ) یش ڕۆڵی بەرچاوی بینیوە لە نمایش كردنی گەلێك دەقی شانۆییدا، كەهەندێكیان كۆمیدی بوون ، لەوانەش وەكو:- ( بەزۆر بوو بە دكتۆر) لە نووسینی ( مۆلیێر )، ( چارهەر شووە ) لە نووسینی ( مۆلیێر ) و ( دكتۆری هەڵە ) لە ئامادەكردنی ( ئاشتی كەمال ) ( ٦،٢٠١١،٣١ – ٣٢ ) وەك دەبینین زۆربەی ئەو شانۆگەرییانە بیانی بوون و وەرگێڕدراونەتە سەرزمانی كوردی و ئامادەكراون بۆ نمایش كردن ، بەڵام هەرچۆنێك بێت هەر دڵخۆشكەر بوون، لەلایەكی تریشەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە ، كە هونەرمەندان هەر هەلێكیان بۆ هەڵكەوتبێت هەوڵیانداوە بۆ بەرژەوەندی و بەرەو پێشچوونی ڕەوتی شانۆی كوردی قۆزتوویانەتەوە و خزمەتی نەتەوەكەیان پێكردووە ، بەڵام مخابن بەهۆی تێكچوونی بارودۆخە سیاسییەكەی ئەوسەردەمەوە و بەتایبەتیش ( لە ساڵی( ١٩٦١ ) بەدواوە ، تا ساڵی ١٩٦٨ هیچ جۆرە شانۆییەك لەناو شاری سلێمانی پێشكەش نەكراوە ، هۆكەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخەی لەدوای هەڵگیرساندنی شۆڕشی گەلی كورد لەئەیلولی ساڵی ( ١٩٦١ )دا هاتەكایەوە. لەساڵی ١٩٦٣ مێژووی داخستنی كۆمەڵی هونەرە جوانەكان و پێشتریش لەكاركەوتنی هەرسێ تیپی ( شۆڕش و خەبات و قوتابیان ) هیچ جۆرە تیپ و كۆمەڵێك لەمەیدانی كاركردندا نەما، بەمجۆرە بزووتنەوە شانۆییەكە كز و خامۆش بووەوە ) ( ٦، ٢٠١١،٣٠ )

لەڕاستیدا ، هونەرمەندانی كوردیش شان بەشانی شۆڕشی گەلی كورد و سەقامگیری بارودۆخە سیاسییەكە بێ سڵەمینەوە بەردەوام لەهەوڵی خزمەتكردنی هونەر و شانۆدا بوون٠ ئەوەتا لەساڵی ١٩٦٩ دا بەهۆی جۆرێك لەسەقامگیریی و ئارامی بارودۆخە سیاسییەكەوە ، دەبینین شانۆكاران و ڕۆشنبیران بەگروتینێكی نوێوە دێنەوە خزمەتی ئەدەب و هونەری كوردی و ( تیپی نواندن و مۆسیقای سلێمانی ) لە ١٩٦٩/٢/٤ و دواتریش ( كۆمەڵی هونەر و وێژەی كوردی ) لە ١٩٦٩/١٢/٣١ دادەمەزرێنن ) ( ٦، ٢٠١١،٣٠ ) و بەو هۆیەشەوە كۆمەڵێك دەقی شانۆیی كۆمیدی خۆماڵی وەكو :- ( گیسك نییە بزنە ) لەنووسینی ( عومەری عەلی ئەمین ) و شانۆیی ( سەرینی باداری ) لە نووسین و دەرهێنانی ( ئەحمەد دەنگ گەورە )

( ٦،٢٠١١، ٥٤ – ٥٥ ) پێشكەش دەكرێن، لەكۆتاییدا دەكرێ بڵێین، سەرهەڵدان و پەیدابوونی شانۆگەری كۆمیدی وەكو دەق و هونەرێكی شانۆیی لەشاری سلێمانیدا دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی ساڵانی پەنجاكانی سەدەی بیستەم ، كە هونەرمەندان كەم ، تا زۆر هەوڵیانداوە سوود لەو جۆرەی شانۆگەری وەربگرن و بەهۆیەوە خزمەتێك بە شانۆی كوردی و نەتەوەكەیان بكەن و كاریگەری لەسەر بینەران دروست بكەن و جۆرێك لەهوشیاری سیاسیی و كۆمەڵایەتیان لەلا دروست بكەن و ببێتە مینبەرێكی ڕاستەوخۆی جەماوەر و لەهەموو جموجووڵ و گۆڕانكارییە هەنووكەییەكانی ئەو قۆناغە بەئاگایان بهێننەوە. هەروەكو( فریدریش دیرنمات ) دەڵێت:- ( كۆمیدیا ، تاكە ڕەنگێكی گونجاوە بۆئەمرۆ، كە تیایدا لەڕێگای بەكارهێنانی كۆمیدیاوە، بینەرەكانی ناچاربكات، كە بیربكەنەوە و هەڵوێست وەربگرن ) ( ١٥، ٢٠١٠، ٢٠٤ ) واتە، دەكرێ لەڕێی نمایشی شانۆگەری كۆمیدیاوە و لەپشت هەڵوێستە پێكەنیناوییەكانەوە

ئازارێكی گەورە بەرجەستە بكرێت و دیوی ناوەوەی ڕووداوەكان بەهەند وەربگیرێن، نەك دیوی دەرەوە، چونكە لەڕێگەی وەرگرتنی دیوی ناوەوەی ڕووداوەكان، دەتوانرێت پەنجە بخرێتەسەر كێشەو گرفتە سەرەكییەكان و ڕێگە چارەی سەرەكیشیان بۆبدۆزرێتەوە.

جا بەمەبەستی زیاتر ئاشنابوونی عاشقانی شانۆگەری كۆمیدی بەرەوتی ئەو جۆرە شانۆییە لەشاری سلێمانیدا، بەپێویستمانزانی ناوی هەندێك لەو دەقە شانۆییە كۆمیدیانە، چ بیانی و چ خۆماڵی بخەینە ڕوو، لەوانەش وەكو:-

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١- | جەنابی موفەتیش | وەرگێردراو | ١٩٥٤ |
| ٢- | ئافرەت و نووشتە | خۆماڵی | ١٩٥٦ |
| ٣- | دەستی ماندوو لەسەر سكی تێرە | خۆماڵی | ١٩٥٦ |
| ٤- | عەلە ورگەی شوتی دز | خۆماڵی | ١٩٥٦ |
| ٥- | پیسكەی تەڕ پیر | وەرگێردراو | ١٩٥٧ |
| ٦- | بێ ئیشی | وەرگێردراو | ١٩٥٩ |
| ٧- | وشكە مێ بازی | خۆماڵی | ١٩٦٠ |
| ٨- | ئوتومبێلچی | خۆماڵی | ١٩٦٠ |
| ٩- | خەسووە ، یان (ئەژدیها) | خۆماڵی | ١٩٦١ |
| ١٠- | جوو جوو | خۆماڵی | ١٩٦٥ |
| ١١- | حەمە نەخۆش | خۆماڵی | ١٩٦٦ |
| ١٢- | بەزۆر بوو بەدكتۆر | وەرگێردراو | ١٩٦٨ |
| ١٣- | چار هەر شووە | وەرگێردراو | ١٩٦٩ |
| ١٤- | گیسك نییە بزنە | خۆماڵی | ١٩٦٩ |
| ١٥- | سەرینی باداری | خۆماڵی | ١٩٦٩ |
| ١٦- | بلیمەت | وەرگێردراو | ١٩٦٩ |

بەمەبەستی زیاتر ڕوونكردنەوەی لێكۆڵینەوەكەمان، هەوڵمانداوە لەگۆشە نیگایەكی زانستیانەوە قسە لەسەردەقی شانۆیی (ئافرەت ونووشتە) ی (كامیل ژیر) بكەین ، كە دەقێكی خۆماڵییە و شیكردنەوە و شەن و كەوێكی زانستیانەی بكەین.

شایانی باسە، چوارچێوەی گشتی شانۆگەرییەكە خۆی لەدووتوێی (٢) پەردەدا دەبینێتەوە وكاتیش بریتییە لە تەنها ڕۆژێك (بەیانی ڕۆژێكی ساڵی ١٩٥٥) ، كەلەشاری (سلێمانی) دا ڕوویداوە و شوێنیش بریتییە لە ماڵی (حەمە وەفەنی).كارەكتەری سەرەكیش لەنێو شانۆگەرییەكەدا بریتین لە (حەمە وە

فەنی ) ،کە موچەخۆرە و ( گێلاس )یش ژنی ماڵە ، ژن و مێردن و منداڵیان نییە ولە خانوو یەکدا دەژین.
سەبارەت بە کرۆکی شانۆگەرییەکە ، درامانووس دەیەوێت لەڕێگەی ئەو دەقەشانۆییەوە ئاماژە بەهەندێك ڕووداو و بەسەرهاتی فێزەونی ژیانی کۆمەلایەتی ئەو سەردەمە بکات ، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆناوەڕاستی سالآنی پە نجاکانی سەدەی بیستەم و ڕووداوەکانی نێو شانۆگەرییەکە واقعیین و درامانووس وەکو کەسێکی پێشکەوتنخواز توانیویەتی سوودیان لێوەربگرێت وبیکات بەهوێنی شانۆگەرییەکەی، هەروەکو دەڵێت:- ( هەرلەسەرەتای ئەو ساڵەدا ،مەلایەکی کتێب گرەوە بەبیانووی کتێب گرتنەوە ، هەندێك زێڕی ماڵێکی دزیبوو لەسلێمانی، منیش ئەو کارەساتەم قۆزتەوە وکردمە هەوێنی شانۆ نامەیەکی خۆماڵیی کۆمیدی و ناوم لێ نا ( ئافرەت و نووشتە ) وئامادەمان کرد بۆ پێشکەش کردن )( ١٤،نییە، ١٠٥ ) جا ئەوەی ڕاستی بێت درامانووس هەوڵیداوە لەنێو شانۆگەرییەکەدا باس لە دیاردەیەکی فێزەون بکات ، کە مەسەلەی ( فاڵ گرتنەوە و کتێب گرتنەوە و نووشتە کردنە ) ، کە مخابن تائێستاش ئەو دیاردەیە لەنێو کۆمەڵگای کوردەواریدا هەر ماوە بەتایبەتیش لای ژنان و ئافرەتان •کە بۆزۆرێك لەخەون وئارەزووەکانیان پەنای بۆدەبەن و زۆرجاریش پارەیەکی زۆریش سەرف دەکەن و ناگەن بەئاما نجیش ، لەوانەش وەك مەسەلەی ( مناڵبوون ) و( دڵپیسی لە مێردەکانیان ) ، کە ژنی کەیان بەسەردا نەهێنن ..هتد
کەواتە ، ناوەرۆکی سەرەکی شانۆگەرییەکە لەبازنەی ( مناڵ نەبوونی ) دا دەسوڕێتەوە و ( گێلاس ) یش خەونی پێوە دەبینێت، چونکە دوو ساڵە شووی کردووە و منداڵی نییە.

(( گێلاس : ئاخر خەوی ئەمشەوم خوا بەخێری بگێڕێ زۆر

حەمە : زۆر چی ؟

گێلاس : وانییە پیاوەکە ، خەو بۆی هەیە ، تۆ بۆچی بەجارێ ئاقیەت نەماوە !؟ )( ١٤ ، نییە، ١٠٩ )

ئیدی بەو شێوەیە کێشەو مشتومڕ دەکەوێتە نێوان ( حەمەوەفەنی ) و ( گێلاس ) ەوە ، کە ( گێلاس ) مەبەستێتی بچێت بۆلای کتێب گرەوە و ڕازی دڵی خۆی بۆ بگێڕێتەوە ، بەلآم ( حەمە وەفەنی ) ش بەوە ڕازی نابێت • بێگومان ، ئەوەش کێشە لەنێوانیاندا دروست دەکات، هەروەکو ( حەمەکەریم هەورامی ).
دەڵێت :- ( جاران واباو بوو، لەبۆ هەندێ تەنگوچەڵەمەی کۆمەلایەتی ، ژنان دەچوونە لای مەلا بۆ کتێب گرتنەوە، ئەویش دەیڕوانییە کتێبە زەردەکەی و لەبارەی گیروگرفتەکەوە قسەی دەکرد، جاری واش هەبوو، پاش ڕوانینە کتێبەکە نووشتەیەکی دەنووسی و سەرقەڵەمانەی وەردەگرت )( ٣ ، ٢٠٠١، ٣٠٧ ) واتە جاری واهەبووە ئەو سەرقەڵەمانەیە خۆی دەدا لەنزیکەی ( ٤ – ٥ ) دینار، کە ئەوەش بۆ سالآنی پە نجاکانی سەدەی ڕابردوو ، تابڵێی مەبلغێکی خەیاڵی بووە، یان داوای خشڵ و زێڕو زیو و شتی گران بەهاکراوە.

( گێلاس : دەباشە تۆ هەر ئەم پێنج دینارەم بەرێ ، ئیتر جارێکی کە ئەگەر داوام لێکردیت ئەوا
حەمە : جوانە ، جوانە .. هەر ئەم پێنج دینارەی بەمێ و ئیتر ... کچێ خۆ مەعاشەکەم هەر چوار پێنج دیناریيە ! تۆ بۆچی تۆزێ بیر لە حاڵی منیش ناکەیتەوە ؟
گێلاس: ئاخر پێیان وتووم پیاوەکە .. خۆ لەخۆمەوە نایڵێم !
حەمە : کێ پێ ی وتووی !؟ چ پیرە ژنێ ؟ چ سەر ئاسنینێك )( ١٤ ، نییە، ١٠٩ )

وەك دەبینین ، لە پەردەی یەکەمدا ، تابێت ململانێ و کێشەکان لەنێوان ئەو ژن ومێردەدا زیاتر دەبێت و هیچ کامیان قەناعەتیان بەوی تریان نابێت و هەریەکەیان خۆی بەڕاستتر دەزانێت. واتە ژنەکە لەڕێگەی ئەو خەوەی بینیویەتی دەیەوێت قەناعەت بە مێردەکەی بکات وبچێت بۆلای مەلای کتێب گرەوە و خەوەکەی بۆبگێڕێتەوە و مەلاش خەوەکەی بۆ لێك بداتەوە و نووشتەیەکی بۆ بنووسێت و لەئاییندەیەکی نزیکدا منداڵیان ببێت ، بەڵام پیاوەکەشی بە پێچەوانەی ژنەکەیەوە لەڕوانگەیەکی زانستیانەی سەردەمیانەوە باوەڕی بە چوونە لای پزیشکە و دەیەوێت لەو ڕێی سەردانی پزیشك و نەخۆشخانەوە منداڵیان ببێت.

( حەمە : کچێ ئافرەت بیبڕەوە، تۆ وار و وێخی منت دەرهێنا بەم شتە پڕوپووچانە، تا ئێستا ئەوەی تۆ کردووتە بەنووشتە و کتێب و متێب ، هەرئەوەمان کۆبکردایەتەوە خانوویەکمان پێ ئەکرد و لە کرێچێتی ڕزگارمان ئەبوو.
گێلاس : ( بەگریانەوە ) ئەو خانووە وێران بێ ، کە منداڵێکی خۆتی تیا نەبینی.
حەمە : ئەی چارە !؟ لای چەن دوکتۆری شارەزام بردیت، لەچەن شوێن پرسیارم کـــــــــردووە ..هەموو ئەڵێن منالی نابێ و نابێ . ئیترکە دکتۆرێ بەو هەموو عیلمەوە نەتوانێ چاری تۆ بکات ، کابرا یەکی ساختەچی و فڕ و فێڵ باز، کە هەموو ئامانجی پیاوخراپی و ڕەوشتی ئافرەتان تێك دانە.
ئەو ئەتوانێت چاری تۆ بکات !؟ )( ١٤، نییە، ١١٠ )

بەڵام لە پەردەی دووەمدا ، شان بەشانی هەردوو پاڵەوانی سەرەکی شانۆگەرییەکە( حەمە وەفەنی ) و (گێلاس ) هەندێك کارەکتەری دیکە ، کە دەوری لاوەکی دەبینن دێنە نێو گێڕانەوەی ڕووداوەکان و تەوژمێکی زیاتر دەبەخشنە ڕەوتی شانۆگەرییەکە ، ئەوانیش بریتیین لە هەریەکە لە :- ( خانە ، کارەکەرە ، گەلاوێژخان ، ئاسکۆڵ خان ، کابرا )، کە بەمیوانی ڕوودەکەنە ماڵی (گێلاس ).
بەڵام ( حەمەوەفەنی ) مێردی (گێلاس ) لەماڵەوە نییە وگۆڕەپان چۆڵە بۆ ژنان ٠
(گێلاس : ئابڕۆ کچێ ئەو ئاوێنە بچکۆلەیەم بۆ بێنە لە پشت سەرمەوە ڕای مەگرە .
خانە : بەڵێ (گورج هەڵ ئەسێ و ئەچێت جامێ ئاوی بۆ دێنێ ! )
گێلاس : کچێ ئاوێنە ، ئاوێنە ، ئاوم بۆچییە؟
خانە : ئا ، ئا ، ئاوێنە ؟ (ئەچێ ئاوێنەکەی بۆ دێنێ و ئەیداتە دەستی )( ١٤، نییە، ١١١ )

وەك دەبینین ، لەم مشتو مڕو چاوەڕوانی میوانەكاندا، ئەوەندەی پێ ناچێت لەدەرگا دەدرێت و( خانە ) ی كارەكەردەچێت دەرگایان لێ دەكاتەوە و بەخێرهاتنیان دەكات .

( خانە : ئێ. ئێ ( سینیەكە ئەباتە دەرێ و دەچێت بەدەم دەرگاكەوە و لەگەڵ (گەلاوێخان ) و (ئاسكۆڵ خان ) دا دێنە ژوورەو. خانە عەباكانیان لەسەر ئەكاتەوە. گێلاس بەرەو پیریان ئەچێت ٠ دەست ئەكەن بە چاك و چۆنی و هەواڵپرسین هەموویان دائەنیشن )

گێلاس : ئەوە بۆ وا درەنگ هاتن؟ خۆ ئێوە وتتان سەعات سێ ونیودێین، كەچی وا چوار زیاتریشە ) ( ١٤، نییە، ١١١ – ١١٢ )

ئیدی ، دواتر كۆڕی قسە و باسان گەرم دەبێت و دەكەونە باس و خواسی خواردن و شت كڕین و میوانداری و ناوی ئەم و ئەو بردن، تاسەری قسە دەگاتە سەرخەونەكەی (گێلاس ) ، كە چۆن خەوی بینیوە و دەست دەكات بەگێڕانەوەی خەوەكەی.

(گێلاس : ئەمشەو خوا بەخێری بگێڕێ ، خەوێكی زۆر عەجاییم دی ، بەخوا زۆر دڵم كەوتە غایلەوە

گەلاوێژ : قەزاو بەلا دوور چی بوو ؟

گێلاس : ئەوا لەخەوما ، وەكو لەبەحرێكی گەورەدابم...

ئاسكۆڵ : ئاو ڕووناكییە

گێلاس : هەر چواردەورم بەقاز و مراوی گیرابوو

ئاسكۆڵ : مراوی مرادە )( ١٤ ، نییە، ١١٢ – ١١٣ )

لەڕاستیدا ، (گێلاس ) لەمەسەلەی ماڵبوون بێ هیوا بووە، بەلام لەناخیشەوە باوەڕی تەواوی بەمەسەلەی نووشتە و فاڵگرتنەوە هەیەو پێی وایە بەو ڕێگەیە دەتوانێت بە مرادی خۆی بگات و مناڵی ببێت و لەو نائومێدی و دڵە ڕاوكێیەش ڕزگاری ببێت. بۆئەو مەبەستەش بەردەوام (ئاسكۆڵ ) و (گەلاوێژ ) ی هاوڕێی هانی دەدەن و دڵخۆشی دەدەنەوە ، ( كە واز لە نووشتە و كتێب گرتنەوە نەهێنێ ناوی هەندێ ئافرەتی بۆ دەهێنن ، كە پاش شەش ساڵ بەهۆی مەلا و نووشتەكردنەوە منداڵیان بووە )( ٣ ، ٢٠٠١، ٣٠٨ )

(ئاسكۆڵ : كچێ دەوس بە توخوا، خۆ ڕەعنای دشم لەدوای شەش ساڵ (ئازاد ) و (نەوزاد ) ی بوو ) ( ١٤، نییە، ١١٣ ) لەم دەنگە دەنگ و مشتومڕەدا دەبن، (خانە ) ی كارەكەر دێتە ژوورەوە و هەواڵی ئەوەیان دەداتێ ، كە (كابرا ) ی كتێب گرەوە هاتووە و لەبەر دەرگایە ئەوانیش خێرا فەرمووی لێدەكەن، كە بێتە ژوورەوە ، كابرای كتێب گرەوەش بە ورتە ورت و ئەڵلا ئەڵلا دێتە ژوورەوە و هەموویان بەگەرمی بەخێرهاتنی دەكەن.

گەلاوێژ : یاخوا بەخێر بێیت ، ئەوە بەینێكە دیارنیت ؟

كابرا : پێش ئەوەی بێم بۆ سلێمانی، لە هەڵە بجە دائەنیشتم ٠ پار گوڵچین خانی ژنی ئاراز بەگ نوشتە یەكی پێ كردم ، كە مناڵی ببێت .

گێلاس : ئێ ، ئێ ..

كابرا : لەم بەینەدا ناردیەوە بە شوێنم دا، كە چوومەوە پێی وتم خوا منالێكی پێ بەخشیوە و پەنجا دیناری خەلاَت كردم و هاتمەوە )( ١٤ ، نییە، ١١٤ )

لەڕاستیدا ، هەمووئەمانە هێندەی تر سەرنجی (گێلاس خان ) ڕادەكێشێت و وای لێدێت ، كە بۆ هەمان مەبەست داوا لە (كابرا ) ی كتێب گرەوە بكات ، بەڵكو شتێكی واش بۆ ئەم بكات و ئەمیش منداڵێكی ببێت.

( گێلاس : ئەبێ دوعایەكیش وەك ئەو دوعایەی گوڵچین خان بۆ منیش بكەیت، چونكە وا بۆ دووساڵ ئەچێت هیچ منالَم نەبووە !! ) ( ١٤، نییە، ١١٤ ) وەك دەردەكەوێت ، جگە لە (گێلاس) ، هەریەكە لەمیوانەكانیش داواكاری تایبەتیان هەیە لە (كابرا ) و داوای لێ دەكەن ، كە فاڵ و نووشتە بۆئەوانیش بكات ، هەروەكو خۆیان دەڵێن :-

((گەلاوێژ : بەقوربانت بم ، وا زەینم بۆی ئەڕوات ، كە حاجی مێردم، نازانم چ كچەتیوێكی دۆزیوەتەوە ئەیەوێ مارەی كات ، نووشتەیەكم بۆبكە، كە ئەو خەیاڵەی لەسەر لاچێت .

كابرا : زۆرباشە بەئاسانی بۆت چارئەكەم

ئاسكۆڵ : منیش دشێكم هەیە، زۆر ڕەزای گرانە لەبەرچاوم ، ئەبێ نووشتەیەكم بۆ بكەیت ، كە قەت وای لێنەیەت بگات بە مرامی خۆی. خۆ ئەگەر كارێكی وابكەیت بۆم بەتەلاَقدان بدەیت ، ئەوە هەر خوا ئەیزانێ چەن مەمنوونت ئەبم.

كابرا : هەموویتان بەئاسانی بۆ ئەكەم ، هەر ئاقیبەتان بەقوەت بێت، ئێستا جامێ ئاو و دەسەسڕێك و تاڵێ دەزووی سپیم بۆ بێنن لەگەڵ سێ مەنجەڵی گەورەدا )( ١٤، نییە، ١١٤ )

لەڕاستیدا ، (كابرا ) پیاوێكی دەست بڕ و ساختەچییە و بەناوی ئایین و هاواری خوا و پێغەمبەر (د.خ ) ومشایەخەكانەوە دەست دەكات بەكتێب گرتنەوە و نووشتەكردن و هەڵخەڵەتاندنیان ، تا هەرچی زێڕو زیویانە بە فێڵ و تەڵەكەبازی لەدەستیان دەری دەهێنێت و ئەیانبات بۆخۆی .

((كابرا : فەرموون هەموو لێرە ڕیز بن و یەكی سەر و مەنجەڵ بكەن بەسەرتانا و چاو بنوقێنن لەناو یانا، بەلاَم ئاڵتوون و ماڵتوونەكانتان لەخۆتان بكەنەوە بۆئەوەی تەقە و زرەیان نەیەت، چونكە (ئەوان ) ڕائەچڵەكن و ئەسڵەمێنەوە بە تەقە و زرە ! ) ( ١٤ ، نییە، ١١٥ ).

بەهەرحاڵ ، كابرای فێڵباز بەو شێوەیە گاڵتە بەئەقڵیان دەكات و دەیانخەڵەتێنێت و بەئەسپایی دەچێتە دەرەوە ، لەم كەین وبەینەدا (حەمەوەفەنی ) مێردی (گێلاس ) بەسەر ئەو بارودۆخە ناهەموارەدا دێتەوە و بەو دیمەنانە واقی وڕ دەمێنێ و ڕەوتی ڕووداوەكان و ململانێكان دەگاتە ترۆپك ، تا وای لێدێت كێشەكان بەتەواوی گەورە دەبن و دەتەقنەوە .

(حەمە : ئەمە چییە!؟ (ئافرەتەكان تۆزێك ئەچەمێنەوە ) ئەوە چییە بۆ قســـــەناكەن !؟ (زیاتر ئەچەمێنەوە ) ئەوە لەگەڵ ئێوەم نییە بۆ قسەناكەن ، چییە ئەم حاڵە!؟ (هەموو دائەنیشن ) ، كورە

خەڵکینە ئەی هاوار ، ئەمە چییە ئەیبینم !! چی ڕووی داوە لە ماڵەکەما !! کچیٚ ئێـــــــــــوە بۆ قسە ناکەن.. بۆ سەرتان لەم مەنجەڵانە ناهێننە دەریٚ !؟ ( هەموو مەنجەڵەکان دائەگرن )

گێلاس : ئەیەڕۆ ئەوە تۆیت !؟ ) ( ١٤، نییە، ١١٦).

دواتر ژنەکان بۆیان دەردەکەویٚت ، کە کابرای کتێب گرەوە کلاٚوی لەسەرناون و زێڕەکانیشیانی بـردووە ، ئیدی لەلایەك خەجاڵەت دەبن لەبەرانبەر ( حەمەووەفەنی ) دا، کـە بەوشـێوەیە دەیانبینێـت ٠لەلایـەکی تریشەوە دەکەونە هات و هاوار و دەکەونـە شـوێن کـابرای کتێـب گـرەوە لەونێوەندەشـدا ( گـێلاس )یش دەیەویٚت لەگەڵیاندا بڕوات ، بەلاٚم ( حەمەووەفەنی ) مێردی دەستی دەگرێت و پێی دەڵێت :-

( حەمە : مەڕۆ گێلاس خان مەڕۆ تۆ جاریٚ مەڕۆ ئیشم پێتە ( گێلاس ئەگەڕێتەوە ) هەر وازت نەهێنا، تا ئەم پەنگەت بەخۆت دا، تا ئاڵتوونەکانیشت بەدزین دا !؟ تابووین بە پەنگ لەناو ئەم شارەدا !؟ دەبڕۆ ئنجا هەرسیٚ تەلاٚقت کەوتبێت بەهیچ مەزهەبێك چاك نەبێتەوە ...

بۆ دەرەوە .. بۆ دەرەوە .. بۆ دەرەوە ) ( ١٤، نییە، ١١٧).

مخابن، وەك بینیمان بەو شێوە دڵتەزێنە شیرازەی ئەو خێزانە لەبەریەك هەڵدەوەشێتەوە، کە ئەویش لەلایەك بەهۆی دیاردەیەکی دزێو و ناقۆلاٚی نێو کۆمەڵگاوە ، کە مەسەلەی فاڵ گرتنەوە و کتێب گرتنەوە بووە لەلایەکی تریشەوە بەهۆی کاڵفامی و خۆشباوەڕی هەندێك لەژنانی کوردەوە بۆ کەسانی ساختەچی، کە ئایین بەکاردەهێنن بۆ مەبەست و مەرامی تایبەتی خۆیان.

کەواتە ، ئەوەی لەدووتوێی ئەو دەقە شانۆییەوە بەرچاودەکەویٚت، ئەوەیە کە شانۆگەرییەکە (٢) تەوەری لەخۆگرتبوو ، یەکێکیان بەئامانجی تێکشکاندنی هەموو شەختە بەندەکانی تەقلیدیەت ومەئلوفیەت لەشانۆی کوردیدا. ئەوی تریشیان بریتییە لە پەردە هەڵدانەوە لەهەندیٚ دیاردەی دزێوی نێو کۆمەڵگای کوردی ، کە وەکو تەوقێك وایە ، تائیستاش کاریگەریی خۆی هەرماوە ، ئەویش پەنابردنە بۆ مەسەلەی نوشتەکردن و فالگرتنەوەیە بە مەبەستی بەمراد گەییشتن . جگەلەوەش ، ئەوەی جێی سەرنجە لەنێو شانۆگەرییەکە و تەنانەت لەنێو واقیعی کۆمەڵگادا ، ئەوەیە ، کە کەسی فاڵ گرەوە و نوشتەکەر ، وەك بەرزەکی بانان بۆی دەردەچیٚ و دەستی خۆی دەوەشێنێت بەلاٚم بەداخـــــەوە ،لەبەرانبەریشدا ژنان زۆرجار بەقورسی باجی ئەو کارانەیان دەدەن و لەهاوسەرەکانیان جیا دەبنــــــــەوە،یان لەماڵی باوکیان دەردەکرێن ، یاخود هەندێجاریش دەکوژرێن و کارەساتی گەورە دروست دەبێت .

لەکۆتاییدا ، دەکریٚ بڵێین درامانووس ڕاستگۆیانە توانیویەتی ( لەگۆشە نیگایەکی پێشکەوتنخوازییەوە ولەخەمی بەرەو پێش بردنی کۆمەڵگادا، هەوڵەکانی خستۆتەگەڕ بۆدەستنیشانکردنی هەڵەکان و چارەسەرکردنیان ) ( ٩، ٢٠١١،٢٨١ ) هەروەها دەقە شانۆییەکەش لەڕووی جۆری کۆمیدیاوە ، بریتییە لەجۆری (کۆمیدیای کۆمەلاٚیەتی)، کەتیایدا درامانووس باسی لە یەکێك لەو دیاردە کۆمەلاٚیەتییە قێزەونانە کردووە ، کە لەنێو کۆمەڵگای کوردیدا لەو سەردەمەدا باو بووە ، بەلاٚم مخابن ، تائێستاش

مەسەلەی کتێب گرتنەوە و نوشتەکردن لەلای هەندێك خەڵكی کاڵفامەوە بەکاردەهێنرێت و پەنای بۆ دەبرێت بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانیان و گەیشتن بە مراز و ئاواتەکانیان . بێگومان ، ئەوەش حاڵەتێکی نەخوازراوە و دوورە لەڕاستییەوە .

## ئەنجـــــــــــــــــــام

لەکۆتایی لێکۆڵینەوەکەماندا ، گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە :-

- دەقی کۆمیدی ، ئەبێت بەشێوەیەك بێت ، کە بنیاتی دەق لەڕووی بەکارهێنانی کەرەسە زمانییەکانەوە زۆر دانەبەزێتە ئاستی هەندێك قسە و دەربڕینی بێ سوود و بێ واتای ڕۆژانەوە ، کە ببێتە هۆی دابەزینی ئاستی دەقەکە ، چونکە شانۆگەری کۆمیدیا هەرچەندە لەبەرگێکی پێکەنیناویدایە ، بەلاْم پێش هەمووشتێك هونەرە .
- مەبەست لە شانۆگەری کۆمیدیا هەر تەنها بۆ پێکەنین نییە، بەڵکو لە بنەڕەتدا بۆخستنە ڕووی کێشە وگرفتە کۆمەلاْیەتی و سیاسی و بابەتەکانی ڕۆژە ، بەلاْم لەبەرگێکی پێکەنیناویدا، واتە بابەتی کۆمیدیا لە جەوهەردا خاوەن پەیام و چوارچێوەیەکی جدیی ڕەخنە ئامێزە وڕەخنە لەهەموو دیاردەیەکی ناقۆلاْ و دزێو دەگرێت، کە لەکۆمەڵگادا بوونی هەبێت .
- ئەم جۆرە شانۆگەرییە ، پێویستی بە ئەکتەری شیاو و بەتوانا و خاوەن بەهرەیەکی ئەوتۆ هەیە ، کە بتوانێت کاریگەریی لەسەر بینەران بەجێ بهێڵێت ؟
- شانۆگەری کۆمیدی ، خاوەن یەك جۆر نییە ، بەڵکو زیاتر لە ( ٢٨ ) جۆری هەیە.
- مێژووی شانۆگەری کۆمیدی ، وەکو دەقی شانۆیی لەشاری سلێمانیدا دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو.
- جۆری ئەو شانۆگەرییەی ،کە لە توێژینەوەکەدا خراوەتەڕوو لە جۆری ( کۆمیدیای کۆمەلاْیەتی ) یە .

## سەرچاوەكان

**كتێبە كوردییەكان**


١- بینای ساتیرا لە كورتە چیرۆكی كوردیدا – كوردستانی عێراق ١٩٧٠ – ١٩٩٠ ،د. جەبار ئەحمەد حسێن ، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر ، ٢٠١٢ .

٢- تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی، پیتەر هالبێرگ، و. ئەنوەر قادر محەمەد، مەڵبەندی كوردۆلۆجی ، سلێمانی ، ٢٠١٠ .

٣- درامای كوردی لەناو درامای جیهاندا ، حەمەكەریم هەورامی ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١ .

٤- دەروازەی دراما، ئەحمەد سالار ، ب١، چاپخانەی ( دارالحریە ) ، بەغداد ، ١٩٨١ .

٥- ریالیزم لەشانۆی كوردیدا ، كەیفی ئەحمەد عەبدولقادر، چاپخانەی رۆشنبیری ، هەولێر، ٢٠١٣ .

٦- شانۆی كوردی – سلێمانی لەدامەزراندنیەوە تارا پەڕینی ١٩٩١ ، كاوەی ئەحمەد میرزا ، چاپخانەی كارۆ ، سلێمانی ، ٢٠١١ .

٧- شانۆ و شانۆی كوردەواری ، حەسەن تەنیا ، چاپخانەی ( دارافاق عربیە ) ، بەغداد ، ١٩٨٥ .

٨- شانۆی كوردی ، یاسین قادر بەرزنجی ، چ٢، چاپخانەی تیشك ، سلێمانی ، ٢٠٠٧ .

٩- شیعری شانۆیی لەئەدەبی كوردیدا، عەبدوڵلا رەحمان عەولا،چاپخانەی حاجی هاشم ،هەولێر ٢٠١١.

١٠- عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەكاری ، د. فەرهاد پیربال ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٢

١١- كاریگەری كەلە پوری كوردی لەشانۆی كوردیدا ،
ئیبراهیم ئەحمەد سمۆ، چاپخانەی خەبات ، دهۆك ، ٢٠٠١

١٢- كۆمیدیا ، ئەحمەد سالار ، چاپخانەی زانكۆی سلێمانی ، ١٩٨١ .

١٣- گفتوگۆ، گۆڤاری ڕامان ، چاپخانەی رۆشنبیری ، هەولێر ، ١٩٩٧ .

١٤- گەورە پیاو ، كامیل ژیر ، كات و شوێنی چاپ نەنووسراوە .

١٥- لە كلاسیكەوە بۆ مۆدێرن ، دانا ڕەئوف ، چاپخانەی ڕەنج ، سلێمانی ، ٢٠١٠.

١٦- فەرهەنگی شانۆ ، یاسین قادر بەرزنجی ، ب١، دەزگای سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٨ .

١٧- مێژووی شانۆ ، ولیام جیمز دۆرانت ، و. پێشڕەو حسەین ، چاپخانەی كارۆ ، سلێمانی ، ٢٠١٠.

١٨- هونەر و ژیان ، ئەحمەد سالار ، دەزگای سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٥ .

١٩- هونەری شیعر ، ئەرستۆ ، و. عەزیز گەردی ، چاپخانەی گەنج ، سلێمانی ، ٢٠٠٤.

**كتێبە عەرەبییەكان**

١- الاحتفالية في المسرح المغربي الحديث ، محمد اديب السلاوي ، دارالحرية ، بغداد، ١٩٨٣ (موسوعة صغيرة) .

٢- تشريح الدراما ، مارتن اسلن ، ت.اسامة منزلجي ، ط١، مطبعة دارالشروق ، عمان ، الاردن ،١٩٨٧

٣- قضايا معاصرة في المسرح ، سامي خشبة ، دارالحرية ، بغداد ، ١٩٧٢ .

٤- الكوميديا ،مولوين مرشنت ، ت. جعفر صادق الخليلي ، منشورات عويدات ، بيروت ، ١٩٨٠ (موسوعة صغيرة) .

٥- المدخل الى الفنون المسرحية ، فرانك ٠م٠ هوايتنج ، ت. كامل يوسف واخرون ، مطبعة دارالمعرفة ، القاهرة ، ١٩٧٠ .

٦- معجم المصطلحات المسرحية ، سمير عبدالرحيم الجلبي ، مطبعة دارالمامون ، بغداد ، ١٩٩٣ .

٧- نظرية الدراما من ارسطو الى الان ، د.رشاد رشدي ، مطبعة هلا ، ٢٠٠٠ .

٨- النقد الادبي الحديث ، محمد غنيمي هلال ، مطبعة دارالعودة ، بيروت ، ١٩٧٣ .

**گۆڤارەكان**

١- دوانێك دەربارەی شانۆ ، فیدریكۆ گارسیا لۆركا، و٠د٠ ئیحسان فوئاد ، گ٠ بەیان ، ژ(٨٠) حوزەیران ١٩٨٢ .

٢- تەنگژەی دەقی خۆماڵی بەقەدەر تەمەنی دراما كۆنە، تەڵعەت سامان ، گ٠ڕامان ،ژ(٥٨) نیسان ٢٠٠١ .

٣- دوێنیّ و ئەمرۆی شانۆی كوردی، كاوەی ئەحمەد میرزا ، گ. ڕۆشنبیری نویّ ، ژ(٣٦) ١٩٧٤ .

٤- كۆمیدیا ، ئەحمەد سالار، گ شاكار ، ژ(٣٠) ت١ ٢٠٠٧ .

٥- كۆمیدیا و دەوڵەت ، شانۆیی (بۆقەكان) و (چاوی براسین) ، ئەندرۆستۆت ، و د. ئازاد حەمە شەریف ، گ. شانۆ ، ژ(١١) ك١ ٢٠٠٨ .

٦- كۆمیدیا لای مۆلیێر ، شۆڕش محەمەد ، گ٠شانۆ ، ژ(١٥) ٢٠٠٩ .

**نامەی زانكۆیی**

١- ناوەرۆك و تەكنیكی درامای كوردی ١٩٩١ – ٢٠٠٢ ، یاسین ڕەشید حەسەن ، نامەی ماستەر ، كۆلێجی زمان ، زانكۆی سلێمانی ، ٢٠٠٤.

## الاستنتاج

خلصت الدراسة الى مجموعة من النتائج يمكن اجمالها على النحو الاتي :-

- يجب ان تكون بنية النص الكوميدي من حيث الاساليب اللغوية كالحوار وا محادثـة والتعبير بمستوى عال لاتكون بمستوى ادنى حتى توثر على مستوى النص ، لان المسرحية الكوميدية مـــع انها في قالب كوميدي ، الا انها وقبل كل شيء هو فن من الفنون.
- القصد من المسرحية الكوميدية ليس اضحاك الجمهور فقط ، بل الاظهار الوجه الحقيقـي للقضـايا والمشاكل الاجتماعية والسياسية وموضوعات العصر، لكن في اطار كوميـدي ، بمعنى ان موضوع الكوميديا في حقيقته صاحب رسالة في اطار نقدي جاد ، يرصد كافة الظواهر اللامعقولة في المجتمع .
- هذا النوع من امسرحيات يحتاج الى ممثل جاد ومتمكن ولديه خبرة فنية عالية كي يتمكن ان يؤثر على الجمهور.
- المسرحية الكوميدية لاتنحصر في نوع واحد ، من المسرحيات ، وا نما تتعدى الى اكثر من ( ٢٨ ) نوعا.
- تاريخ النص المسرح الكوميدي في مدينة السليمانية يرجع الى اواسط الخمسينات من القرن الماضي .
- المسرحية المعروضة في البحث ، تعد من المسرحية الاجتماعية .

## Conclusion

The study concluded to the set of results can be summarized as follows:
- It must be a comedy structure of the text in terms of tactics such dialogue language and conversation and a high level of expression not be the lowest level even affect the level of the text, because the comedy play with it in a comedy Dumps, but before everything it is the art of the arts.
- Intended to make people laugh comedy drama is not only the public, but to show the true face and problems of social and topics era, but as part of a comedy, in the sense that the issue of the comedy in the reality of His message in cash as part of a serious, made all irrational phenomena in society.
- This kind of plays needs to be serious and versed representative and has high technical expertise to be able to Affect the public.
- Comedy play Is not confined in one type of plays, but go beyond to more than ٢٨ types.
- Date of text comedy theater in the city of Sulaymaniyah due to the mid-fifties of the last century.
- The play presented in the research, is one of the social plays.
-Remove society from some ancient legacy and bad subjective legend in today . their for over all human must be think style academic and actually .
- The generous actors in text could stood remarkable by a very good live role and true . except relinquish a big respond over audience .
- The last thing , we hope that the thesis will serve this filed , and better research will be made in this concern. We hope that much more affection will be paid to this aspect like the other aspects of arts